https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.15

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# قەیرانی ناسنامە و پەیوەندی بە خەمۆکی لای هەرزەکار

د. جوان نوری ڕەسول

زانکۆی کۆیە

jwan.nwri@koyauniversity.org

**پوختەی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە زانینی ئاستی قەیرانی ناسنامە و خەمۆکی لای خوێندکارانی ئامادەیی لە شاری کۆیە، هەروەها زانینی کاریگەریی جیاوازیی ڕەگەز لەسەر ئاستی قەیرانی ناسنامە و خەمۆکی و پێوانەکردنی پەیوەندیی نێوان قەیرانی ناسنامە و خەمۆکی. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە، ١٠٠ خوێنکار وەرگیراون کە٥٠ خوێندکار کچ بوون و ٥٠ خوێندکار کوڕ بوون, بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەشدارییان کرد. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەردوو پێوەر وەرگیراون کە -پێوانی قەیرانی ناسامە (ادمز، تشی، فیتش، ١٩٧٩). و پێوانەی خەمۆکی (بێک ,رسول، ٢٠٠٨)ن.

ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ ئەنجامدرا کە لە ئاستێکی گونجاودا بوو. پاش کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوە بە بەرنامەی spss هەگبەی ئاماری دەرکەوت هیچ پەیوەندییەک لە نێوان قەیرانی ناسنامە و خەمۆکی لای خوێندکارانی پۆلی شەشی ئامادەیی ناو شاری کۆیە نییە. توێژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئاستی خەمۆکی بە شێوەیەکی گشتی لای خوێندکارانی شەشی ئامادەیی لەسەر لێواری بوون بە نەخۆشی سەرینی یە. هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدیناکرێت لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە.

**قەیرانی ناسنامە و پەیوەندی بە خەمۆکی لای هەرزەکار**

**پێشەکی**

**گرفتی توێژینەوەکە**

لە ڕوانگەی ئەریکسۆنەوە کێشەی ناسنامە پەیوەندیی بە قۆناغی هەرزەکارییەوە هەیە، کە پێداویستییەکی بنچینەیی و بنەڕەتییە لە قۆناغی هەرزەکاریدا، هەروەها خاڵی دەسپێکی سەربەخۆیی و پشتبەخۆبەستنە کە ئەم سەربەخۆیی و پشتبەخۆبەستنەش دەبێتە هۆی گەشەیەکی باش و پۆزەتیڤانە بۆ قۆناغی دوای هەرزەکاری.

گەشەکردنی (من-الانا) لە ڕوانگەی ئەریکسۆنەوە بە ٨ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت کە لە هەریەک لە قۆناغەکاندا کێشەیەکی دیارکراوی تایبەت بەخۆی هەیە.

بۆیە شێوازە پەروەردەییە پەیڕەوکراوەکان بە دەستپێکردن لە خێزانەوە و دواییش لە کۆمەڵگەوە ماف بە تاک دەدەن لە پێکهێنانی ناسنامەدا کە تاک لەمیانیاندا هەست بە ئارەزووی خۆی بۆ ژیان بکات یان نەیکات. بەڵام بێبەشبوون لە هەستکردن بە ناسنامە، تاک پەلکێشدەکات بەرەو نەبوونی ئارەزوو بۆ ژیان دواییش بۆ خۆکوشتن. (أبو حطب و صادق، ١٩٩٩،لا ٣٤٦). هەروەها قۆناغی هەرزەکاری قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاریی فسیۆلۆژی و عەقڵی و هەڵچوونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییە، گۆڕانکارییەکانیش بە شێوەیەکن کە خێران ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەشە سروشتییەی کە لەو قۆناغەدا هەیە. ئامارە ئەمریکییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە خەمۆکی هۆکارێکی دەستپێکەرە بۆ خۆکوژی لە لای هەرزەکار. هەروەها ٥٠% ئەو کەسانەی

که خۆیان دەکوژن (انتحار) دەکەن ئەو کەسانەن کە نەخۆشیی خەمۆکییان هەیە.

بەدەستهێنانی ناسنامە یان خودێتی و خۆیەتی کێشە و گرفتێکی ناوەندی گەوهەرییە لە هەرزەکاریدا، گۆڕانکارییە خێرا جەستەیی و فیسیۆلۆژییەکان، سەرەڕای خواست و داواکارییە گۆڕاوەکانیش کە کۆمەڵگە دەیانسەپێنێ، ئەرکی بەدەستهێنانی ناسنامە دەکەنە ئەرک و کارێکی سەخت و ئاڵۆز ئاریشەدار، چونکە هەرزەکار زۆر جاران هەستی سازان و گونجان لەگەڵ خۆیدا لە دەستدەدات. ئەو شتەش کە کارئاسانی دەکات بۆ دامەزراندنی هەستکردنێکی بەهێزە بە ناسنامە، ئەوەیە کە دەبێ پەیوەندییەکی پتەو هەبێت کە هەرزەکار بە دایک و باوکی ببەستێتەوە کە نموونەیەکی سەرکەوتووانەی کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن. (زهرانی، ٢٠٠٥، لا٤١).

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی کە پێشووتر باسکراون، ئاماژەیان پێکراوە کە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە توشی خەمۆکی بوون لە قۆناغی هەرزەکاریدا بوون بۆیە توێژەر هەستی بەوە کرد کە قۆناغی هەرزەکاری بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سروشتییانەی کە تیایدا ڕوودەدات وا لە هەرزەکار دەکات کە بە تەواوەتی نەگاتە ئەنجامی ئەو پرسیارانەی کە لەبارەی خودی خۆی لای دروستدەبێت وەک: من کێم؟ ڕۆڵ و ئامانجی من چییە لە ژیاندا؟ ئەمەش دەبێتە کێشەیەک بۆ ناسینی ناسنامەی خۆی.

بۆیە توێژەر لەبەر گرنگیی قۆناغی هەرزەکاری توێژینەوەیەک لەو قۆناغەدا ئەنجام دەدات بە ناونیشانی "قەیرانی ناسنامە و پەیوەندی بە خەمۆکی لای هەرزەکاران"

**دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە**

کێشەی ناسنامە بە یەکێک لە پێداویستییە گرنگەکانی گەشە دادەنرێت لە قۆناغی هەرزەکاریدا و کاریگەریی هەیە لەسەر کەسایەتیی هەرزەکار لە داهاتوودا. لەبەر نەبوونی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە لە وڵاتی خۆماندا ئەم توێژینەوەیە گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

هەروەها پەروەردەکردن و بایەخدان بە قۆناغی هەرزەکاری گرنگیی خۆی هەیە لەسەر دروستبوونی ناسنامەیەکی باش لە ڕووی دەروونی و عەقڵی و هەڵچوونیەوە.

یەکێک لە کارە سەرەکییەکان لە هەرزەکاریدا، ئەو کارەی کە زۆرێک لە داخوازییەکانی گەشەکردن لەخۆیدا وەردەپێچێ بریتییە لەوەی کە هەرزەکار هەستێکی ڕۆشن بە ناسنامە و خودێتی خۆی بەدەستبهێنێت- واتە هەرزەکار وەڵامێکی چارەساز بۆ کێشە و گرفتی (من کێم؟) بدۆزێتەوە کە بەقەدەر دێرینی و کۆنێتی زەمەن کۆن و دێرینە(هرمز, ١٩٨٨, ل١٢٧). قۆناغی هەرزەکاری قۆناغی دروستبوون و گەیشتنە بە قۆناغێک کە تاک کەسایتییەکی سەربەخۆی لێ دروستببێت ئەمەش کاتێک دەبێت کە تاکەکە قۆناغی هەرزەکاری بە شێوەیەکی گونجاو و باش تێپەڕاند بێت، و لەم قۆناغەدا هەرزەکار دەیەوێت خۆی بناسێت و هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: من کێم؟ ڕۆڵی من چییە؟ ئامانجی من چییە لە ژیاندا؟ و ئەو هەرزەکارانەی کە وەڵامی ئەم پرسیارانەیان پێدەدرێتەوە دەتوانن لەگەڵ خودی خۆیان خۆیان بگونجێنن و ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن (توق، قطامی،عدس.٢٠٠٢، ل١٩١)

ئەریکسۆن باسی ئەوەی کردووە کە پێویستە هەرزەکاران بەرلەوەی سەرکەوتووانە دەستبەرداری ئاسایشی منداڵێتی و پشتبەستن بە کەسانی

دیکە ببن و وازیلێبهێنن، دەبێت بیرۆکەیەکی وایان هەبێت کە بزانن ئەوان کێن و بۆ کوێ ڕێدەکەن و مەودای ئەگەر و شیمانەی سەرکەوتنیشیان لە بەدیهێنانی ئەمەدا بۆ دیاری بکات.

و عبدالمعطی ساڵی ١٩٩٠ ئاماژەی بەوە داوە کە ڕەگەزی مێ بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر زیاتر ڕووبەڕووی ئاست و پلەی داخراویی کێشەی ناسنامەی من دەبنەوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە و ئەو ڕۆڵەی کە ڕەگەزی مێ هەیەتی لە ژیاندا.

لەو توێژینەوانەی کە لەسەر هەرزەکار کراون ئاماژە بەوە کراوە کەوا ٣%ی هەرزەکاران توشی خەمۆکی دەبن هەروەها هەریەک لە (ویست و کاسی) لە توێژینەوەکەیاندا گەیشتوون بەوەی کە مرۆڤ لە تەمەنی ١٥-٢٥ ساڵی ئامادەیی تێدایە بۆ توشبوون بە نەخۆشیی خەمۆکی. (برکات،٢٠٠٠، لا4).

دەتوانین گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم دوو خاڵەدا باس بکەین:

1- ئەم توێژینەوە قەیرانی ناسنامە لای هەرزەکاران دیاریدەکات.

2- گرنگیی ئەم توێژینەوە دیاریکردنی نەخۆشیی خەمۆکییە لای هەرزەکار.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەی کە لەبەردەستتدایە بە ناونیشانی "کێشەی ناسنامە و پەیوەندی بە خەمۆکی لای هەرزەکاران"ـە لەبەر ئەوە ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە:

1- دۆزینەوەی ئاستی قەیرانی ناسنامە لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە.

٢- دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی قەیرانی ناسنامە.

٣- دۆزینەوەی ئاستی خەمۆکی لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە.

٤- دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان ئاستی خەمۆکی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.

٥- قەیرانی ناسنامە و پەیوەندیی بە خەمۆکی لای سامپڵی توێژینەوەکە.

**چوارەم: سنووری توێژینەوەکە**

سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی شەشی ئامادەیی ناو شاری کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ –٢٠١٩).

**پێنجەم: زاراوەکانی توێژینەوەکە**

١- قەیرانی ناسنامە

ئەریکسۆن بەم جۆرە پێناسەی دەکات: خاڵێکی وەرچەرخانی پێویستە لە کاتێکی گرنگدا ڕوودەدات کە قۆناغی هەرزەکارییە، کە لەم قۆناغەدا ئاراستەی گەشە دیاریدەکرێت کە بە یەک ئاراستە بڕوات یان زیاتر، و یارمەتی تاک دەدات بۆ ڕێکخستنی شارەزاییەکانی و دووبارە دۆزینەوەی ناسنامەکەی. (Bruner, 1987, p8-13)

٢- پێناسەی تیۆری بۆ قەیرانی ناسنامە

بە سوودوەرگرتن لە پێناسەکانی پێشوو توێژەر پێناسەی قەیرانی ناسنامە بەم شێوەیە دەکات:

سەرنەکەوتنی تاکە لە دیاریکردنی ناسنامەکەی بۆ (من-الانا) لەگەڵ هەستکردن بە نامۆیی و ونکردنی ئامانجی توانای پلاندانان بۆ داهاتووی و کەمبوونەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی و سەرنەکەوتنی لە دیاریکردنی پیشەی داهاتوو دەگریتە خۆی.

٣- پێناسەی ڕێکاری بۆ قەیرانی ناسنامە

بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دوای وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوانەی قەیرانی ناسنامە بەدەستدەهێنن، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەکاریدەهێنێت.

٤- خەمۆکی لای Ingram,1985

حاڵەتێکە بە لەدەستدانی چالاکی و گرینگیدان، کەمی هێز و هەستکردن بە ماندویی و دوورکەوتنەوە لە چالاکیی کۆمەڵایەتی و وەزیفی.(Ingram, 1985, p.55)

٥- خەمۆکی لایBeck,1967

پێناسەی کردووە بەوەی کە: (ئەو کاردانەوەیەیە کە لە ئەنجامی هەڵوێستە توندەکانەوە دەکەوێتەوە وەک: لەدەستدانی ئازیزێک، یان کارەساتێکی ماددیی ناخۆش، یان شکستهێنان و زیانمەندبوون لە بازرگانی و هاوسەرگیری کە دەبنە مایەی تووشبوونی کەسێک بە خەمۆکی.(Beck, 1967, p6)

٦- خەمۆکی لای صادق١٩٩٨

پێناسەی کردووە کە: (نەخۆشییەکی دەمارەکییە، نەک نەخۆشییەکی عەقڵی، چونکە پەیوەندیی نەخۆشەکە بە واقیعەوە پەیوەندییەکی ساغلەمە و ڕەفتارەکانیشی ساغلەم و دروستن، نەخۆشەکە حاڵ و باری

خۆی دەبینێ و لە ئەنجامی گوشارەکان یان قەیرانی توندا ڕوودەدات کە تووشی نەخۆشەکە دەبن و ئەویش کارلێکیان لەگەڵدا دەکات، هەر گۆڕانێکیش لە ژینگە و باشترکردنی بارودۆخەکان دەرووی خۆشی و چاکبوون لە کێشەکە دەکاتەوە و کات و زەمەنیش دەستەبەری چاکبوونەوەیە لە خەمۆکی). (صادق، ١٩٩٨: ٩٥).

٧- پێناسەی تیۆری بۆ خەمۆکی

بە سوودوەرگرتن لە پێناسەکانی پێشوو توێژەر بەم شێوەیە پێناسەی خەمۆکی دەکات کەسێکە بیرۆکەیەکی نەرێنی هەیە لەبارەی کەسایەتیی خۆی لە ئێستا و لە داهاتوویدا بۆ نموونە کەسی غەمبار زیاتر بیرکردنەوەوبۆضونی نەرێنی هەیە.

٨- پێناسەی ڕێکاری بۆ خەمۆکی

بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دوای وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوانەی خەمۆکی بەدەستدەهێنن، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەکاریدەهێنێت.

٩- هەرزەکار

ا- هەرزکار لەڕووی زمانییەوە بریتییە لە زانین و درککردن و نزیکبوونەوە، هەرزەکاریی خۆناسین واتا نزیکبوونەوە لە خۆناسین و هەرزەکاریی کوڕ واتا نزیکبوونەوە لە خەونبینین و خەون بینین واتا توانا بۆ بەدەستهێنانی وەچە. (معوض، ١٩٨٣، ل٢٨٨)

ب- ابوالخیر بەوە پێناسەی دەکات:

هەرزەکار بەو کەسە دەگوترێ کەوا گەیشتۆتە تەمەنێکی کامل بە خۆناسینەوە دەستپیدەکات و بەردەوام دەبێ تا قۆناخی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی، واتە لە نێوان ١٢ بۆ ١٨ ساڵان. (ابوالخیر، ١٩٨٥: لا ١٤٨)

ج- پێناسەی حقی،١٩٩٥

ئەم قۆناغەیە لە نێوان گەشە و گۆڕاندا لە پێنەگەیشتن لە مناڵێتی تاکو پێگەیشتنی کاملبوون، و قۆناغی ئامادەباشی بۆ داهاتوو وەک بەندکردنی بەردەوام لە نێوان قۆناغی منداڵی و کاملبوون کە دەبێت مرۆڤ پێیدا بڕوا بەر لە گەشەکردنیان و بەرپرسیاریەتیی گەورەکان هەڵبگرن لەناو کۆمەڵگادا. (حقی،١٩٩٥،لا٢١)

- مادیناس بەم جۆرە پێناسەی هەرزەکار دەکات

قۆناغێکە بە دەرکەوتنی هەندێ نیشانەی جنسی دەستپێدەکات لە لایەنەکانی گەشەی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ئەم قۆناغە کاتێک کۆتاییدێت کە تاک بتوانێت ڕۆڵی گەروەکان جێبەجێبکات.(Hopkins,1995,p798)

**توێژەر هەرزەکاری لە جیاتی خوێندکار بەکارهێناوە چونکە ئەم توێژە لە تەمەنی هەرزەکاریدان**

ئەریکسۆن لە قۆناغی پێنجەمی تیۆری هەڵکشان و فراژوبوونە بەناوبانگەکەیدا و لە تێزەکانی تیۆرە هەشت قۆناغییەکەیدا، باسی قۆناغی باڵغبوون و هەرزەکاری لە (١٣-١٨)ساڵی واتە سەرەتای پێگەیشتن و قۆناغی هەستکردن بە ناسنامە دەکات لە بەرانبەر تێکەڵاوکردنی ڕۆڵەکاندا، کە بریتییە لە دووبارە کامڵبوون و تەواوکردنی نێوان ئامانجەکانی ڕابردوو و ئێستا و ئاییندە. ئەو قەیرانەی کە گەنج تیایدا دەژی بریتییە لە قەیرانی ناسنامە Identity crisis، ئەو قەیرانەی کە

تیایدا پرسیارکردنی: (من کێم؟) دەبێتە مایەی هەژاندن لە هەموو تێگە و چەمکەکانی پێشووی سەبارەت بە وێناکردنی خۆی. (معوض, ١٩٩٤, لا ٣٣٥)

ئەریکسۆن پێیوایە کاتێک ورد ئاگایی دەخاتە سەر ئەو هێڵانەی کە بە ئاڵۆزی و تەمومژاوی ڕۆلێ ناودەبرێن دەگەنە ڕادەی هەستکردن بە نەکارایی تەواو لە کردنی هەر شتێکی دیاریکراو، تەنانەت نەکردنی هیچ شتێک، ئەمەش زۆر جاران هەستی دۆشدامان و ناسەقامگیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت(Erickson,1968,p17).

هەستکردن بە ناسنامە: (The sense of Identity)

بە دەرکەوتنی هەرزەکاری قۆناغێکی دیکە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کەسێتی دەستپێدەکات، وەکو زانراویشە قۆناغی هەرزەکاری بەگوێرەی زۆربەی تاکەکان قۆناغی ڕامان و شپرزەبوون و دوودڵی و شۆڕشە، تیایدا ئەو کاروبارانە دادەنرێن کە تاک گومانی لێیان نییە و لێیان دڵنیابووە و پێشتر مایەی پرسیارکردن و گومان بوون، گەشەکردنیش ناتوانێت پشت بە زۆرێک لەو کاروبارانە ببەستێ کە پێشتر پشتی پێبەستوون. (عقل, ١٩٩٣, لا٣٣)

ئایا دەتوانێت متمانە بە خۆی بکات هەرچەندە کە ڕەنگ و شیێوەو بنەڕەت و ڕەسەنایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی هەستکردنێکی خراپی بە نزمێتی و کەچی و خواری و کوموکوڕی پێدەبەخشن، پێی دەکرێ وا لەخەڵکی بکات کە لانیکەم سەیری بکەن و لێی ڕازی بن؟ (قشقوش, ١٩٨٠, لا٣٣٧)

دیارە هەرزەکاران زۆر مژووڵ و سەرقاڵ دەبن بەهۆی ئەم هەموو پرسیار و پرسیارکردنانەوە یان بەهۆی ئەم کێشە و گرفتانەوە و بە

دیمەن و ڕوخساریان لەبەردەم خەڵکانی دیکەدا هەروەک وێناکردنەکانیان بە وێناکردنەکانی خۆی بەراورد دەکات. هەرزەکاران لە هزرینێکی نەپساوە و بەردەوامدا دەبن و زۆر زۆر سەرقاڵ دەبن بە سازاندن و گونجاندنی ئەو ڕۆڵ و کارامەییانەی کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا فێریبوون و لە نێوان ئەو ڕۆڵ و کارامەییانەی کە لە قۆناغی ئێستادا لەڕووی کۆمەلایەتییەوە پەسند و مایەی ڕەزامەندین. (جابر، ١٩٧٧، ل٣٩-٤٠)

قۆناغی پێنجەم: ناسنامەی من لە بەرانبەر تێکچوونی ڕۆڵدا (Ego Identity vs. Role confusion) ئەریکسۆن پێیوایە کە هەرزەکاری لە هەموو قۆناغەکان زیاتر کار لە ژیانی ئایندەی کەسەکان دەکات و قۆناغی گواستنەوەیە لە نێوان منداڵی و پێگەیشتندا. لەبەرئەوەی هەرزەکار قۆناغی گەشەکردنی خێراتری پێگەیشتنی جەستەیی دەستپێدەکات وەکو ئەنجامێکی باڵقبوون و ئەو شتانەی کە لە گۆڕانکارییە دەروونییەکان و هەروەها ئەو چاوەڕوانیکردنە کۆمەڵایەتییانەی کە بەو گۆڕانکارییانەوە پەیوەست دەبن، بۆیە هەرزەکار لە بەرانبەر تێکچوونی ڕۆڵدا ڕووبەڕووی قەیرانی هەستکردن بە ناسنامە دەبێتەوە. بێگومان چارەسەرکردنی قەیرانەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چارەسەرکردنی قەیرانی پێشوتر، سروشتی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەی کە دەورووبەری هەرزەکاریان داوە و مەودای هاندانیان بۆ سەربەخۆ بوونەکەی (الجسمانی، ١٩٨٣، ل١٣).

قەیرانی ناسنامە، وێنەنوێنی قەیرانی پێنجەم دەکات لە نموونەی ئەریکسۆندا (Eriksson, 1963-1968) بۆ گەشەکردنی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، لەگەڵ قۆناغی هەرزەکاریدا بەرانبەر دێتەوە. تێکڕا و سەرجەمی هەرزەکاریش وێنەنوێنی شۆڕشێک دەکات لە هەموو لایەنەکانی گەشەکردندا، بۆیە تیایدا تاک هەست بەزۆرێک لە گۆڕانکارییە

دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەییەکان دەکات، واتە منداڵ گەیشتۆتە قۆناغێک تیایدا دەتوانێ پەیوەست و پابەندبێ بەو ڕاسپاردە و یاسایانەوە . (الاشول، 1984 , لا٤٢١.(چارەسەرکردنی قەیرانەکەش بە شێوەیەکی ئەرێنییانە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی ناسنامە لە لایەن هەرزەکارەوە، لە کاتێکدا ناکارایی و بێتوانایی لە چارەسەرکردنی قەیراندا دەبێتە مایەی تێکچوونی ناسنامە و وەرگرتن و لەخۆگرتنی جۆرە نەرێنییەکانی ناسنامە و پێکچوونی ڕۆڵەکانی. (لازۆروس: ١٩٨١, لا ٨٣). ئەو هەرزەکارەی بە سەلامەتی بەم قەیرانەدا تێدەپەڕێت فێری ئەوە دەبێت کە چۆن لەخۆی دڵنیابێ. لە کاتێکدا ئەو هەرزەکارانەی بە سەلامەتی لەم قەیرانەدا دەربازیان نابێت بەدەست گومان و هەستیارێتیی خۆیەوە دەناڵێنن. (التوق و اخرون، ٢٠٠٢، لا١٩١.(دەشێ بگوترێ کە پێکهاتنی ناسنامە لەگەڵ سەرەتاکانی سووربوون و پەرۆشبوون بۆ پرسیارکردنەکانی وەک: (من کێم؟ و ڕۆڵم لە ژیاندا چیە؟ و بەرەو کوێ دەڕۆم؟) دەستپێدەکات. پێکهاتنەکەش بە شێوەیەکی ڕوونتر لەگەڵ سەرەتای هەڵبژاردنی ئەو باوەڕ و ڕۆڵ و ئامانجانە و پراکتیزەکردنیان و پەیوەستبوون پێیانەوە لە لایەن هەرزەکارەوە دەستپێدەکات کە لەگەڵ خولیا و تواناکانیدا دەگونجێن. زۆر جاریش کۆمەڵگە دەرفەت بەم ماوەیەی تاقیکردنەوە و ئەزموناندن یان هەڵپەساردنێکی کاتی بۆ هەرزەکار دەڕەخسێنێت بۆ هەڵبژاردن و تاقیکردنەوەی ڕۆڵە فەراهەمبووەکان بە شێوەیەکی وەها کە لە بارودۆخی ئاساییدا دەستەبەری مافی ناسنامە بۆ تاک دەکات. (البیلی: ١٩٩٧, لا٩٠). بەڵام نەک هەر کامێک لەو یەکدگیربوونانە و کتومت سەرجەمیشیان نا، بەڵکو ئەو یەکدگیربوونانەی کە بە ئەنجامی پرۆسەی ئاوێتەبوونی ئەو یەکدگیربوونانە لە یەکەی یەکدگیربوونێکی تازەدا دادەنرێن وێڕای ئەوەی کە پشت بە یەکانگیری و شارەزاییەکانی پێشووتر و ئێستاوە دەبەستێ. ئەمەش لە دوای پوختەکردنێکی پیشتبەستراو بە پشتگوێ خستنی دەستبژێری و پێکچواندنی بەرانبەر (التجاهل الانتقائی و التمثیل التبادلی Selective Repudiation and Assimilation

Mutual) بۆ ئەوەی یەکەیەکی تەواوی کامڵی نوێیان لێ پێکبهێنرێت (ابوجادو، ١٩٩٨، لا٩١).

**پێکهاتنی ناسنامە لەقۆناغی هەرزەکاریدا**

(غامدی) ئاماژە بەوە دەکات کە قەیرانەکە لە ڕوانگە و دیدی ئەریکسۆنەوە بە بەدیهێنان و پەسادان - تحقیق -ی ناسنامە لە بارودۆخێکی باشدا کۆتاییپێدێت، بەم پێیەش شڵەژان و پشێوی و تێکچوونەکەش کۆتاییانپێدێت و هەستکردنیش بەخود بەدیدێت کە لە هەستکردنی تاک بە تاکێتی و یەکایەتییە هەمەکیەکەی و پێکچوون و بەردەوامێتیی ڕابردوو و ئێستا و ئایندەکەی و توانامەندبوونی لەسەر چارەسەرکردنی زۆرانبازی و ململانێکان و سازان و گونجانی نێوان پێداویستییە تایبەتییە بەپەرۆشەکان و داخوازییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆدەنوێنێ، بە پلە و ئاستێکی وەها کە جەخت لەسەر هەستکردن بە ئەرکەکانی دەکاتەوە لە هەمبەر خۆی و کۆمەڵگاکەیدا. (الغامدی: ٢٠٠٤، لا٦٧) ئەمەش لە ڕووی ڕەفتارییەوە لەسەر تواناشکان بەسەر هەڵبژاردنی بەهاکان و پرەنسیپەکانی و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی و پەیوەستبوون پێیانەوە و پەیوەستبوون بە نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە لەجیاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان ڕەنگدەداتەوە و کاریگەریی دەبێت. لەم قۆناغەشدا من کارایی و چالاکییە نوێیەکەی خۆی بەدەستهێناوە کە لە هەستکردن بە ڕاستی و دروستی و هاتنەدیدا خۆدەنوێنێ(Erikson,1958, p63).

(عدس)، ئاماژە بەوە دەکات کە وێڕای ئەوەی ناسنامە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە دەست بەپێکهاتن دەکات و کاریگەر دەبێت بە هەموو کارلێکەکانی نێوان ڕفتارەکانی تاک و کەسێتیەکەی و پێکهاتنە بایۆلۆژیەکەی، هەر لە خواردن و مامەڵەکردن و ئەو کەشوهەوایەی کە تیایدا دەژی، بەوەی کە یارمەتیی گەشەکردنی جەستەیی و

سایکۆلۆژییەکەی دەدات، بەڵام گەشەکردنی ناسنامە تەواو نابێت تەنها لە قۆناغی هەرزەکاریدا نەبێت. (عدس، ٢٠٠٠، لا١٥٠)

وەک ئەریکسۆن دەڵێت: لەگەڵ دەستپێکردنی پێکهاتنی ناسنامە لە هەرزەکاریدا، هەندێک پرسیار بەسەر هەرزەکاریدا زاڵ دەبن وەک پرسیاری: من کێم؟ دەبمە کێ؟ مەبەستیش لەم پرسیارانە بریتین لە گەڕان بە داوی ناسنامە و واتایەکی جیاوازتر لە کەسانی دیکە، هەڵبەت لە سروشت و کەینونەی تاک دەگەڕێ بە دابڕاوی لە جیهانی دەرەکیدا، هەرچەندەش هەست دەکات کە بوونی خۆی بەشێکە لە جیهانی دەرەکی، بەڵام ئەو پێویستی بەوە هەیە لەو ژینگە و دەوروبەرەی تیایدا دەژی وەکو قەوارەیەکی خاوەن سەربەخۆیی و تاکێتی کە هۆشیار بێت و بزانێ کێیە و چۆن دەبێت. (عبدالرحمن: ١٩٩٨، لا٢٧٥).

گومانی تێدا نییە کە پێکهاتنی ناسنامە لە هەرزەکاریدا لە بۆشاییەوە نایەت و لەخۆوەیش ڕوونادات، بۆیە بەپێی تیۆری گەشەی ئەریکسۆن و هەروەک ڕەوش و بارەکەش لە قۆناغەکانی پێشوودا وەهایە، گەشەکردنی من لە هەرزەکاریدا ئەنجام و بەرهەمی نیشتەنی و کەڵەکەبووە بە دواییەکدا هاتووەکانی ڕێککەوتن و پێکهاتنەکانە کە بۆ پێکهاتنی هەموو، یان پێکهاتنی یەکەیەکی هەمەکی پشت بەسترا و بە ڕێککەوتن و پێکهاتنەکانی پێشوو کار لە یەکتری دەکەن، بەڵام هیچ کامێکیشیان نییە. ئەمەش وەکو ئەنجامێکی کارلێککردنی نیشانە پەیوەستەکان بە پێگەیشتن ڕوودەدات کە لەو کامڵبوون و ئەو گەشەکردنەی توانا ئیپستمۆلۆژی و کۆمەڵایەتییانەدا خۆدەنوێنێت کە بەرە و سەربەخۆبوون، هەروەها بەرەو سروشتی پێکهاتنە پێشووە پەیوەستەکان بە سروشتی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی گەشەکردنی پێشووەوە هانو دنەی دەدەن، دواییش سروشتی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی دەوروبەر، جا پەیوەست بێت بە بارودۆخی ئابووری و گوزەرانی شێوازەکانی پەروەردە و بەخێوکردنی کۆمەڵایەتی،

یان تەنانەت پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بە خەڵکانی دیکەوە لە دەرەوەی بازنە و جوغزی خێزاندا، هەموویان ڕۆڵیان هەیە لە کارتێکردن و پێکهاتنی ناسنامەی تاکدا. (Evans,1967,p236)

پێکهێنانی ناسنامەی چونیەک لای هەرزەکاران، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، ئەوا کارێکی سەخت و گران و بە ئاریشەیە دەبێت لەژێر سایەی ئەو دایک و باوکە زاڵ و بە هژموونانەی کە زۆرجار هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ئازادییەکان و کەسایەتیی ڕۆڵەکانیان دەدەن. دیارە ئەمەش تەنها لە سایەی چاودێریەکی باوکانەی وەهادا نەبێت، پێکنایەت، کە کەشوهەوای ئەڤین و خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە بەرپرسیارێتی و شیکردنەوەی پاشەوارەکان باڵی بەسەردا دەکێشێت. (Grotevant,1998,p. 89)

**قەیرانی ناسنامە لە هەرزەکاریدا**

ناسنامەی من: وێنەنوێنی قەوارەیەک دەکات کە تیایدا دەرەنجامە پێکهاتەییەکان و پێداویستییە لبیدۆییەکان و توانا جیاکەرەوەکان و هۆگربوونە خاوەن بایەخ و بەرگرییە چالاکەکان و باڵابوونی سەرکەوتووانە و ڕۆڵە ڕێکوپێکەکان دەکات، هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی کارلێککردنی بەرانبەریی نێوان توانا تاکە کەسییەکان و لایەنە تەکنەلۆژی و ئایدیۆلۆژییە سیاسی و دینییەکان لە کۆمەڵگادا بەدیاردەکەون. بەم پێیەش ناسنامەی من لەبەر ڕۆشنایی بزاوت و جووڵەی دامەزراوەی نێوان سایکۆلۆژیای گەنج و کۆمەڵگادا پێکدێت.(العبیدی: ١٩٩٥, لا٤٤)

بەو پێیەی کە ئایندەکەی بەو ئێستایەی پەیوەندیدار دەبێت کە بەشێکە لە ڕابردووەکەی. بۆیە هەستکردنی تاک بە تواناکانی لەسەر کارکردن وەکو تاکێک کە لە بوونێکی دیکەدا خاوەن جیاوازی و جیاکارییە لە خەڵکانی دیکە، وەک چۆن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی بە ڕووکردنە

بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو لە سنووورە زەمەنییە زانراوەکاندا خەسڵەت و جیاوازیی خۆیان دەبێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە جۆر و شێوازێکی دیاریکراوی لە ژیاندا دەبێت لە سایەی پەیوەندییەکدا کە خاوەنی سیمای دانپێدانانە بە بوونێکی دیکە بەبێ توانەوە تیایدا لەگەڵ چاودێری و بایەخ پێدانی. (Marcial: 1988, p,110)

هەروەها (مایەر) ئاماژە بەوە دەکات، کە قەیرانی ناسنامە وێنەنوێی ئەنجامی چاوەڕوانکراوی شکستهێنان دەکات لە پرۆسەی دیاریکردنی ناسنامەدا، ئەمەش بە واتای ڕۆشننەبوونی دیدگای تاکە بۆ هەڵبژاردنی ئایندە پیشەیی و فێرکارییەکەی، دیارە ئەمەش هەستکردنە بە نامۆیی و بێسوودبوون و بێهودەیی لە ژیان دەگرێتەخۆی، لەگەڵ نەبوونی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناو بە دیهێنانیاندا ژیانی دەبێتە شتێک کە واتای هەبێت، ئەمە سەرەڕای پشێویی خود و دواییش گەیشتن بە ناسنامەیەکی نەرێیی کە لە ڕووی ناخێنی و گەرموگوڕیی پەیوەندیی نێوان کەسێتی و خۆشەویستییەکی پێگەیشتوودا هەژار و نەدارە. "بە واتایەکی دیکە بریتییە لە هەستکردن بە ونبوون لە کۆمەڵگادا و یارمەتی هەرزەکار نادا بۆ تێگەیشتن لە خۆی و بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی خۆی لە ژیاندا و ئەو بوار و دەرفەتەشی بۆ دەستەبەرناکات کە بشێت هەست بە بەها کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بکات (Hopkins,1995,p. 44)

**لایەنەکانی ناسنامە**

بە پشتبەستن بە هزری ئەریکسۆن لە پێکهاتنی ناسنامەدا، مارشیا چەندین لێکۆڵینەوەی بۆ دیاریکردنی چەمکی ناسنامە ئەنجامداوە. لەمەشدا زۆرێک لە لێکۆڵەرانی وەک ئادەمز و ئەوانەی کە گەشەیان دا بە تێگەیشتن و چەمکێکی باشتر بۆ لایەنەکانی ناسنامە، لەسەر ڕێچکەی مارشیا ڕۆیشتن. ئەمەش ئەوەبوو کە زۆرینەی لێکۆڵەرە عەرەبەکان لەسەری ڕۆیشتن. (عبدالرحمن، ١٩٩٨، لا٣٧٥).

1- ناسنامەی ئایدیۆلۆژی: کە ئەم بەشانە لەخۆدەگرێت:

ناسنامەی پیشەیی: ئاماژە بە بیروباوەڕەکان و هەڵبژاردنی تاک دەکات لە بوارەکانی خوێندن و پیشەییدا.

ناسنامەی دینی: ئاماژە دەکات بە باوەڕی دینیی تاک و ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان و لایە نە پراکتیکییەکانی دینییەکانەوە دەکەوێتەوە.

ناسنامەی سیاسی: ئاماژە بە بیروباوەڕ و هەڵبژاردنە سیاسیەکانی تاک دەکات.

ناسنامەی فەلسەفەی ژیان: ئاماژە دەکات بەو باوەڕ و بیرورِا فەلسەفییانەی کە تاک لە ژیاندا باوەڕی پێی هەیە و پراکتیزەکردنەکانی تاک لە بەرانبەر شێوازی ژیان و گوزەرانیدا دیاری‌دەکەن.

2- ناسنامەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کەسەکان: کە ئەم بەشانە لەخۆدەگرێت:

ناسنامەی هاوڕێیەتی.

ناسنامەی ڕۆڵی ڕەگەزی.

ناسنامەی پەیوەندی بە ڕەگەزەکەی دیکەوە.

ناسنامەی شێوزای چێژوەرگرتن لە ژیان و شێوزەکانی شادبوون. (Archer & Watarman, 1990, p. 111)

ناسنامەی من لە ڕوانگەی مارشاوە دوو بوار دەگرێتەوە ئەوانیش بریتین لە ناسنامەی ئایدیۆلۆژیی من و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی من، هەریەکەشیان چوار لق لەخۆدەگرێت:

1- ناسنامەی ئایدیۆلۆژیی من (Ideological Ego Identity):

ئایدیۆلۆژیا، واتای ڕشتێک (منظومە) بیروباوەڕی پەیوەست بە ڕاسپاردە و ئاڕاستە و باوەڕ و هێما دەبەخشێت و تێڕوانینێکی هەمەکیی کەسێک یان کۆمەڵێک پێکدەهێنێت، هەر لێرەشەوە ئایدیۆلۆژیا دوو ڕووی تەواوکەری یەکتری هەیە، ڕوویەکی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهاتوو لە ئایدیۆلۆژیای مێژووییانەی کەسەکان و کۆمەڵگاکان، ڕووی دووەمیشیان بریتییە لە ڕووی خۆیی و تایبەتی بەرهەمهاتوو لە پەیوەندیی دیالەکتیکیی نێوان خود و خەڵکانی دیکەدا کە لە دواییدا تاک سەرپشک دەکات لە دیالەکتیکی جیابوونەوە یان تێکەڵاوبوونی ئایدیۆلۆژییە بڵاوبووەوەکان.(Fitzgeral&Mcktinney, 1970, p. 453)

ناسنامەی ئایدیۆلۆژی پەیوەست دەبێ بە هەڵبژاردنەکانی تاک لە ژمارەیەک لەو بوارە ژیاریانەی کە بەژیانیەوە پەیوەستن و چوار لق لەخۆدەگرێت کە بریتین لە: (ناسنامەی دینی، سیاسی، پیشەیی من و شێوازی ژیان). باوەڕی دینی بە یەکێک لە گرنگترین بزوێنەرە بنەڕەتییەکانی کۆنترۆڵکردنی کەسێتی دادەنرێ، لە قۆناغی هەرزەکاریی دواکەوتوودا بەتێڕوانینێکی لۆژیکیانەتر لە دین دەڕوانرێ و تیایدا گفتوگۆ لەسەر ئەو بیروڕا و پرینسیپانە دەکرێ کە تاک لە پێشتردا وەریگرتوون، زۆرجاریش بیروبڕوا دینییەکان بەشێوەیەکی مەزن بە دەربڕی بینای ئایدیۆلۆژی گشتی دادەنرێن کە هاودەمن لەگەڵ پێکهاتنی ناسنامەدا، ئەمەش لەڕووی گرۆڤە (دەلالەت)ی قووڵی و فراوانی تێڕوانینی هزریی لەم لایەنەدا. هەروەک چۆن دیاریکردنی بیروباوەڕە سیاسیەکان و پەیوەستبوون پێیانەوە لەلایەن هەرزەکارەوە وا دەکات کە هەستکردن بە بەرپرسێتی لای هەرزەکار گەشە بکات و چوارچێوە ئایدیۆلۆژیەکەی فراوان ببێ و یەکانگیری و یەکدگیریشی زیاتر ببێ. (Kroger, 1989, p. 117)

2- ناسنامەی کۆمەڵایەتیی من (پەیوەندییە دوولایییەکان): Inter personal Ego identity

ناسنامەی کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە هەڵبژاردەنەکانی تاکەوە لە بواری چالاکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێت، چوار لق دەگرێتەخۆی کە بریتین لە: (هاوڕێیەتی، ڕۆڵی ڕەگەزی، چێژوەرگرتن لە کات و پەیوەندیی بە ڕەگەزەکەی دیکەوە)، مەبەست لێی بریتییە لە وێناکردنی تاک بۆ خودی خۆی و بەپێی ڕشت و سیستەمگەلی کۆمەڵگا و خەڵکانی دیکە بە جۆری جلوبەرگ و جۆری کار و تەمەنی هاوسەرگیرییەوە پەیوەست دەبێت. (شلتز: ١٩٨٣, لا٢١٢)

بێگومان بیروباوەڕە ئاراستەکان لە هەر کلتوورێکدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری گونجاوی تاکدا بەپێی ئەو ڕەگەزەی تاک ئینتیمای بۆ دەبێت کە زۆرجار لە منداڵییەوە بەدەستیان دەهێنێت. هەندێک لە تاکەکان سەختی و گرانایی لە فێربوونی ڕۆڵە ڕەگەزییەکانیاندا یان لە وەرگرتن و پێ قایلبوونیان دەبیننەوە، کە دەبێتە مایەی پەیدابوونی گوشار و ململانێ لەگەڵ جۆری کلتووری باوی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی، بەمەش ڕۆڵی ڕەگەزی (ناسنامەی ڕەگەزی) ناڕۆشن دەبێت کە ئەو پشێوییانەش بە شێوەیەکی ڕوون لە قۆناغی هەرزەکاریدا بەدیاردەکەون. لێرەدا دۆشدامان و سەراسیمبوونی لاوی هەرزەکار لە پرسیارکردن لە جیاوازیی لایەنی ڕەگەزی و مەیل و خولیا ڕەگەزییەکان و جیاوازیی ئارەزووەکان و وەڵامدانەوەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە، شیکردنەوەی لۆژیکیانەی ڕۆڵەکان کە کۆمەڵگا پێشبینییان دەکات و وەرگرتنی هەموو ئەو ڕۆڵانە یان هەندێکیان یان یاخیبوون لێیان بەدیاردەکەوێ. (ابوجادو: ٢٠٠٠، لا٢٤٣)

**پایەکانی ناسنامە**

مارشیا (Marcia,1966-1988) لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئاماژە بۆ ناسنامەی من(Ego identity) دەکات وەکو هەوڵێک بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستگۆییی گریمانەکانی ئەریکسۆن سەبارەت بە گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە هەرزەکاریی دواکەوتوودا، کە زۆرێک لە توێژەرە عەرەبەکان پشتیان پێبەستووە (عبدالرحمن: ١٩٩٨، لا ٢٧٥).

لەسەر ئەم بنەمایەش دەشێت تاک بکەوێتە ناو یەکێک لەم پایانەی خوارەوە:

1- بەدەستهێنانی ناسنامە (Identity Achievement): ئەو کەسانەن کە قاڵبوونەتەوە و شارەزاییان لە قەیرانی ناسنامەدا هەیە لە بوارێک یان زیاتر لە بوارێکی ژیانیاندا، گەیشتوونەتە هەڵبژاردنی بڕیارێکی دیاریکراو و پەیوەستبوون بەو بڕیارانەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ گەشەکردنی من بە ڕێگا و شێوازێکی دروست و ساخلەم. (Mahler,1979,p110)

2- هەڵپەساردنی ناسنامە (Identity Moratorium): هەڵپەساردنی ناسنامە ئاماژە بۆ شارەزاییی ئێستای تاک دەکات بۆ قەیرانی ناسنامە بەبێ گەیشتن بە بڕیاردانی دروست. (جاید، ١٩٨٦,لا٤٤٠)

عسیری ئاماژە بەوە دەدات کە لەم قۆناغەدا تاک بەردەوام دەبێت لەسەر شارەزابوون لە قەیرانەکەی، کە لە بەردەوامێتیی هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤە بەردەستەکاندا خۆدەنوێنێ بەبێ گەیشتن بە بڕیارێکی کۆتایی و بەبێ ئەوەی پەیوەستبوونی بە هەڵبژاردنە دیاریکراوەکانی بە دیاربخات. (الفیومی، 1985، لا ٢٨)

3- داخرانی ناسنامە(Identity Foreclosure): تاکەکان وەکو ئەنجامێکی نەبوونی شارەزاییان بۆ قەیرانی ناسنامە دەکەونە ناو ئەم پایەیەی ناسنامەوە، کە بۆ هەڵبژاردنی ئامانجەکان ڕوودەکەنە هێزە دەرەکییەکان، نموونەی ئەمەش وەکو هەڵبژاردنی باوکان و دایکان بۆ بوار و جۆری خوێندن یان کارکردن یان بوار و جۆرەکانی دیکە بۆ منداڵەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا منداڵەکانیان ئەمە ڕەتناکەنەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕەزامەندی و قایلبوون لە هەمبەر ئەوەدا بەدیاردەخەن کە بەدەستیانهێناوە.

4- لەبەریەک هەڵوەشانی ناسنامە(Identity Diffusion): خراپترین پایەی ناسنامەیە کە تیایدا تاکەکان بەدەست ئاست و پلەیەکی بەرز لە لاوازبوونی گەشەی من و کێشە ڕەفتاری و دەروونییەکانەوە دەناڵێنن کە لە ئاکامی لەبەریەک هەڵوەشانی ناسنامەدا دەکەونەوە. وەکو ئەنجامێکی ئەم لاوازییەش، تاکەکان لەم پایەیەدا لە ئەنجامی دیارنەمانی ئەم قەیرانەی ناسنامەدا کە هەر لە بنەڕەتدا شارەزاییان لەبارەیەوە نییە و هیچ بایەخیشی پێنادەن، پۆلێن و ڕیزبەند دەکرێن. بەڵام خاوەنانی ئەم جۆرە ناسنامەیە لەوەدا جیاواز دەبن لەگەڵ خاوەنی ناسنامە داخراوەکاندا، کە هیچ پەیوەستبوون و پابەندبوونێک لە بەرانبەر ئەو هەڵکەوت و ڕێککەوتانە بەدیارناخەن کە دەشێت ڕۆڵێکی تێدا بگێڕن. لەبەر ئەمە و لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز واز لەم ئامانجانە دەهێنن، تەنانەت ئەگەر وازیشی لێ نەهێنن ئەوا هەر وا دەزانن کە لەو ڕۆڵانە زیاتر نین کە بەسەریاندا سەپێنراوە. زۆربەی کاتیش شڵەژان و پشێوییەکی ئاست جیاواز لە توندیدا بەدیاردەخەن، ئەمەش وا لەهەندێکیان دەکات کە کاری دوژمنکاری و لادان و تاوان ئەنجام بدەن. (فتحی: ١٩٨٣، ل٢٨٧)

خەمۆکیی دەروونی(Psychogenic Depression):

خەمۆکی وەکو حاڵەتێک لە هەستکردن و ڕەنگێک لە ڕەنگەکانی مگێز (مزاج) بە شێوەیەکی کەم نەبێ دەنا زۆربەی تاکەکان گەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ لە ژیانیاندا هەستی پێدەکەن. خەمۆکی هەر لەکۆنەوە ناسراوە و باسیکراوە تاکو ئەمڕۆش هەر ئەزموونێکی دەروونیی گشتیە لەناو ڕەگەز و کەلتوورە جیاوازەکاندا. (کمال: ١٩٨٨، لا ٢٣٦)

**ئەو تیۆریانەی خەمۆکییان لێکداوەتەوە**

**1- تیۆری دەروونشیکاری**

خاوەنەکانی ئەم تیۆرە پشت بەوە دەبەستن کە چەند هۆکارێک لە بچووکییەوە کەسێتی کەسی پشکنراو ئامادەدەکەن بۆ ئەوەی بە گەورەیی نەخۆشییەکەی لێ بەدیاربکەوێ، ئەو هۆکارانەش بریتین لە: ترسان لە تەنیایی و دڵەڕاوکێ. ئەگەر یەکێک لەو دوو هۆکارانە یان هەردووکیان پێکەوە لە ڕادەی دیاریکراو ڕوویان لە زیادبوون کرد یان بە شێوەیەکی بەردەوام لە ژیانی منداڵیی کەسەکەدا دووبارەبوونەوە، ئەوا کەسێتیی کەسەکە لە گەورەییدا بە ئاقاری بەدیارکەوتنی نیشانەکانی خەمۆکی تیایدا گەشەدەکات. فرۆید لێکدانەوەی بنەڕەتیی دەروونشیکاری بۆ چەمکی خەمۆکی داڕشتووە بەوەی کە کاتێک کەسێک بابەتێکی خۆشەویستی لەدەستدەدات، لەجیاتی ئەوەی وزە و هێزی خۆی ئاراستەی بابەتێکی دیکە بکات، ئەوا ڕووی لە من Ego و پتەوکردنی دڵتەنگی و هەستکردن بە خەمۆکی دەکات. (العبيداء، ٢٠٠٨، لا ٢٠)

بۆیە خەمۆکی لە ڕوانگەی تیۆری دەروونشیکارییەوە شتێک نییە بێجگە لە ڕق و تووڕەبوونێکی ئاراستەکراو بەرەو ناوەوەی خودی تاک. کاتێک یەکێک پەیوەندییەکی بایەخدار یان کەسێکی خۆشەویستی لەدەستدەچێت، ئەوا ڕق و تووڕەبوون لە هەستەکانی ڕەتکردنەوە یان

پاشەکشەکردن لە سۆزە تایبەتەکان بە خۆشەویستەکەیەوە دێن و سەرهەڵدەدەن، لەبەرئەوە فرۆید کەسانی خەمۆکی وەسفکردووە بەوەی کە: ئەوان دڵڕەقن لە بەرانبەر خۆیاندا و ئەو نەیارەتی و دوژمنایەتیکردنەش لە بەرانبەر خوددا لە ڕاستیدا بریتییە لە دڵتەنگبوون بۆ کەسێکی دیکە کە کەسە خەمۆکەکە ئەوین و خۆشەویستی بۆی هەیە. بە دەربڕینێکی دی، فرۆید باوەڕی وایە کە خەمۆکی کاتێک سەرهەڵدەدا ئەگەر دوفاقی لە هەستکردندا (هەستکردنی خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوە لە هەمان کاتدا) هەبێت. (الجبوری: ٢٠٠٥، لا١٦)

## 2- تیۆری ئیپستمۆلۆژی

ئەم تیۆرە پێیوایە ئەو زانین و زانیاری و هزر و باوەڕ و هەڵچوونانەی کە بەدەستیان دێنین جۆرەکانی ڕەفتارمان پێکدەهێنن.

(بیک) ئەم تیۆرەی دامەزراندووە و پێیوایە هزری خراپ و نەرێنیی سەبارەت بە خود و شارەزاییەکانی هەرزەکاری و ئاینده هۆکاری خەمۆکین، کە دەبنە مایەی زانین و پێزانینی نەرێیی لای تاک و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ هەڵوێست و ڕەوشەکە بەرە و حاڵەتی خەمۆکی. (الیاسین، ١٩٨١، لا٢٠٩)

## 3- تیۆری بونگەرایی

بۆچوونیان لە سەرەتای بوونی مرۆڤ لە جیهاندا حاڵەتێکە لەیەکایەتی و دڵەڕاوکێ و نزیکبوونەوە لە مردن ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە, ئەم تیۆرە سەبارەت بە خەمۆکی بۆچوونی وایە کە هەستی مرۆڤ بە کاتەوە بەندە. (Boyd&Weissman,1984,p,109-122)

(بیک) هزره نەرێنییەکانی تاک و کەسە خەمۆکەکانی لە سێ کاتیگۆری(مقولە)دا داناوە کە ناوی لێناون (سیانە –سێیینە –الثالوث)ی ئیپستمۆلۆژی و بریتین لە:

1– هزرە نەرێنییەکان بە ئاقاری خوددا.

2– هزرە نەرێنییەکان بە ئاقاری شارەزاییەکاندا.

٣– هزرە نەرێنییەکان بە ئاقاری ئایندەدا. (المنیزل: ١٩٩٤, لا٦٥)

ئەبرامسۆن (Abramson) یش پێیوایە کە هەندێک هۆکاری کاریگەری دیکە هەن وەکو هۆکارە بۆماوەییەکان و هۆکارەکانی پاداشتکردن و پاڵپشتی لێکردن و لەدەستچوونی بایەخپێدانەکان و نزمبوونەوەی ئاستەکانی (نورا بنفرین). لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو سیفەتانەی کە مرۆڤ بە هەندێک ڕووداوی نەرێنییەوە دەیان لکێنێ و ئەو پلەی گرنگیدانەی کە مرۆڤ بۆ ئەو ڕووداوانە هەڵیدەسەنگێنێ بە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێن لە چاوەڕوانیکردنی نائومێدی و نیشانە خەمۆکییەکان. (Evans, 1967, p236)

ملیجز و بۆلبی (Melges & Bowlby) ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە هەستکردن بە نائومێدی تەوەرەی بنەڕەتییە لە تووشبوون بە خەمۆکی و هەستکردنیش بە هیوا و ئاوات و نائومێدی بۆ هەڵسەنگاندنی تاک بۆ هێز و تواناکانی دەگەڕێتەوە لەسەر جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان. وێڕای باوەڕکردنی کەسی خەمۆک بەوەی توانادار نییە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی. بەڵام ئەو ئامانجانە بەگوێرەی ئەوەوە وەکو ئەرکێک دەمێننەوە و کەسەکەش لەو جۆرە ئامانجانە ڕادەمێنێ کە توانای بەدیهێنانیانی نییە. (برکات, ٢٠٠٠, لا٤٥)

**3– دیدگای فێرگەی ڕەفتاری**

فێرگەی ڕەفتاری پێیوایە کە خەمۆکی شارەزاییەکی دەروونیی نەرێنیی بە ئازارە و حاڵەتێکە لە دووبارەکردنەوەی شارەزاییە بە ئازارەکان کە تاک هەر لە منداڵییەوە ڕێکەوتی کردوون یان پێیاندا تێپەڕیوە و نەیتوانیوە چارەسەریان بکات، یان لە مێشک و ئەقڵی خۆیدا بیانسڕێتەوە. (العبیدای, ١٩٩٥, لا٢٠)

لیونسن (Lewinsohn) و وینستاین (Weinstein) و شۆ (Show) یش کە یەکەمین کەس بوون بنەما ئەزموونگەرییەکانی دیاردەی خەمۆکییان ڕوونکردۆتەوە، گەیشتوونەتە ئەوەی کە حاڵەتەکانی نائومێدبوون و بێهیوایی بۆ کەمیی پاڵپشتیکردنی ئەرێنییانە یان زۆر سزادان دەگەڕێنەوە، خەمۆکیش ئەو کاتە ڕوودەدات، کە هەستیاربوون لە بەرانبەر ڕوداوه ناخۆشەکان زیادبکات، یان کاتێک تێکڕایی نوێبوونەوەی باروداوه ناخۆشەکان بەرزدەبنەوە، بە تایبەتی ئەگەر تاک ئەو ئامادەگییە پێویستانەی تێدا نەبێت کە کۆتایی بەم ڕووداوانە بهێنێت. (ناصر، ٢٠٠٣، لا ٢٩)

## هۆیەکانی خەمۆکی

### ١- هۆکارە بۆماوەیی و فیسیۆلۆژییەکان

لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیوەستن بە ئامادەبوونی بۆماوەیی بۆ تووشبوون بە خەمۆکی دەرکەوتووە کە پەیوەندی هەیە لە نێوان مەودای ئامادەبوونی تاک بۆ تووشبوون بە خەمۆکی ئەگەر لە لای دایکان و باوکان مێژوویەکی نەخۆشی بۆ تووشبوون بە خەمۆکی هەبووبێت بە تایبەتی ئەگەر باروداوه ژینگەییەکە ئامادەیی هەبێت بەوەی کە گوشار دروست بکات بۆ بەدیارخستنی ئەو وەڵامدانەوە خەمۆکییانە. (J. Hand weissman, 1981, p117)

هەروەها دەرکەوتووە کە هۆکاری بۆماوەیی لەناو هەندێک خێزاندا بۆ تووشبوون و دەرکەوتنی خەمۆکی هەیە. ئەو لێکۆڵینەوانەش کە لەسەر دووانەی خاوەن تاک هێلکەییەکان کراوە دەریانخستووە کە تووشبوونی یەکێک لە دووانەکان بە خەمۆکی، ڕێژەی تووشبوون لە دووانەکەی دیکەدا بۆ ڕێژەی ٧٠% بەرزدەکاتەوە و شیاوی تووشبوونی دەکات بە خەمۆکی لە قۆناغێکی ژیانی کەسێتیدا. (عریفج, ٢٠٠٠, لا٥٥)

## 2- هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە بارودۆخە گوشارهێنەکانی وەک مردنی باوک یان دایک، یان بە خراپی مامەڵەکردن و شێوازە بیروباوەڕییەکان بە تایبەتی لە قۆناغی منداڵیدا، دەشێت وا لە تاک بکەن بۆ ئەوەی تووشی خەمۆکی ببێت. (تونسی، ٢٠٠٢، لا٥٣)

## ٣- هۆکارە دەروونییەکان

ڕەنگە زۆرانبازی و ململانێ و شارەزاییە بە ئازارەکان و توانامەندنەبوون لەسەر ئەمبازبوونەوەی پاشهاتەکان و هەڕەشەکان ببنە مایەی سەرهەڵدانی نەخۆشیی خەمۆکی، هەندێک کەسیش پێیانوایە کە هەموو هۆکارە دەروونیەکان ئەنجامێکی نەخۆشیی خەمۆکین نەک هۆ و هۆکاری نەخۆشییەکە، بەڵام هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان، وەکو لێکۆڵینەوەکەی ڕینیەRennie کە لەسەر هۆکارەکانی خەمۆکی ئەنجامیداوە پێچەوانەی ئەمەی سەلماندووە. ئەو پێیوایە کە لە نێوان (٢٠٨) نەخۆشیی خەمۆکیدا ٨٠% یان بۆ هۆکارە دەروونییەکان دەگەڕێتەوە.

هەروەها (زەهرانی) یش باسی ژمارەیەک هۆکاری دەروونی کردووە کە دەبنە مایەی خەمۆکی وەکو: شڵەژانی هەڵچووناوی و شارەزاییە

به ئازارەکان و کارەساتە سەخت و ناخۆشەکانی وەک مردنی کەسێکی ئازیز یان تەڵاق و لێکجیابوونەوە، یان شکستهێنان و ململانێ نەستییەکان و لەدەستدانی خۆشەویست و بێبەشبوون لە هاوکاری و پشتیوانیکردنی سۆزداری و هاوسۆزیانە، لاوازیی من Ego تۆمەتبارکردنی خود و هەستکردن بە گوناهـ و ڕێکنەهاتنەوەی نێوان چەمکی خودی واقیعی یان خودی پێزان و نێوان چەمکی خودی نموونەیی. (عسکر, ١٩٨٨, لا,٦٠)

**جۆرەکانی خەمۆکی**

هەندێک کەس ڕەفتاری خەمۆکی لە ڕووی توندییەوە دابەش دەکەن بۆ:

1- خەمۆکیی سادە: تووشبووەکە وا دەردەکەوێ کە لە ژیان بێزار بێ و وازی لە ژیان هێنابێ و لە شێوەی هەستکردنێک بۆ ماندووبوون و هێزلێبڕان و بێورەیی و هەستکردن بەچێژ وەرنەگرتن لە ژیان بەدیاردەکەوێ.

2- خەمۆکیی توند: کەسی تووشبوو ئەندێشەخاو و کەم جووڵەیە و ئازارەکانیشی بەهەڵەداچوونیان تێدایە، هەست بە شەپۆلێک لە نیگەرانی و بێزاربوون و ئارەزووکردن لە گریان دەکات، کۆنترۆڵکردنی دەروونی خۆی لەدەستدەدات.

3- خەمۆکیی دۆشدامان: نەخۆشەکە هیچ وەڵامدانەوەیەکی نییە و بێجووڵەیە و وڕێنە دەکا، ئەگەر یەکێک فریای نەکەوێ و وازی لێبهێنرێ ئەوا لەبرسان دەمرێ، ئەمجۆرەی خەمۆکی لە ئەوپەڕی ئاستی توندی خەمۆکیدا خۆدەنوێنێ. (جلال، ١٩٨٦، لا٢٢٦ – ٢٢٧)

هەروەها چەند جۆرێکی دیکەی خەمۆکی هەن کە ئەمانەن:

1- خەمۆکیی دەمارەکی (نیرۆتیکایی): بریتییە لە خەمۆکییەکی سووکی سەرچاوەگرتوو لە دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە تاوان و چەپاندن، ماوەیەکی درێژتر دەخایەنێ کە لە ماوەی پرسە و دڵتەنگبوونی ئاسایی درێژترە لەگەڵ هەستکردنی نەخۆشەکە بەوەی کە هەموو شتێک هەتاهەتایە لەدەستچووە و ئایندە هیچ بوونێکی نییە و ژیانیش هەرگیز ناگەڕێتەوە دۆخی جاران، بەڵام وەڵامی ئەو هاندانە دەداتەوە کە لە لایەن خەڵکانی دیکەوە دەدرێن بۆ سووککردنی دڵتەنگی و ئازارەکانی.

2- خەمۆکیی ئەندێشەیی: خەمۆکییەکە لە ئەنجامی وەڵامدانەوە بۆ ڕووداوێکی ناخۆش نەهاتۆتەکایە و سەری هەڵنەداوە، دەشێ بە شێوەیەکی کردەیی دیاریبکرێ و پێی بزانرێ و بەبێ ڕوودانی ڕووداوێکی ڕاستەوخۆش سەرهەڵبدا. هەست بە دابەزین و کەمبوونەوەی چالاکیی ژیاری بەجووڵە و لەدەستدانی ئارەزووی خواردن و خەوزڕان و چەوسانەوە و گریانی دووبارەبووەوەی کەسە تووشبووەکە دەکرێت. ئەم نیشانانە و چەندانی دیکە ڕەنگە کەسە تووشبووەکە بگەیەننە ڕادەی خۆکوشتن.

3- خەمۆکیی کارلێکردن: بریتییە لە کاردانەوەیەکی بەهێز لە بەرانبەر شۆک و بەرکەوتنێکی توندی کاریگەر، کە زۆرجار لە ئەنجامی کارەسات یان شەڕ یان تەنگاوییە ناخۆش و توندەکانەوە پەیدا دەبێت. ماوەی ئەم خەمۆکییە کورتە و زۆر ناخایەنێ و دەشێ نەمێنێ و تووشبووەکە چاکببێتەوە، نەخۆشەکەش تووشی ئەمجۆرە خەمۆکییە نابێتەوە تەنها لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی وەها نەبێ کە پێشتر کەسەکەی تووشی خەمۆکی کردووە.

4- خەمۆکیی لاوازبوون: بە خەمۆکیی لەهۆشچوون (یان خەمۆکیی لەڕ و لاوازبوون) ناودەبرێ و ترسناکترین جۆری خەمۆکییە. بریتییە لە ڕەوشی پووکانەوە و گێڕانەوەی کەسەکە بۆ قۆناغی سەرەتای منداڵی و

کەسەکە لە پێخەف و جێگادا دەکەوێ و قسە ناکا و بەشداری لە هیچ شتێکدا ناکات و ناخوا و ناخواتەوە و خۆی ناشوات، تەنها لە کاتێکدا نەبێ کە خواردن و خواردنەوەی بەدەمەوە بکرێ و بشۆردرێ. پێویستە یارمەتیی ئەمجۆرە تووشبووانە بدرێت بۆ ئەوەی تەندروستیان بەرە و خراپتر نەچێ.

5- خەمۆکیی درێژخایەن: بریتییە لە خەمۆکییەکی هەمیشەیی و خەمۆکیەکی ڕواڵەتی نیە.

6- خەمۆکیی سەرشێتی: ئەمجۆرە خەمۆکییە بەوە ناسراوە کە جارجارە تووشبووەکە دەکەوێتە دۆخێکی خۆشی و دڵخۆشی زۆرەوە کە شتێکی ناباو و ناوازەیە، دواییش نەخۆشەکە دەکەوێتە دۆخێکی دیکەی پێچەوانە و تیایدا خەمۆکییەکەی توندە و بە شێوەیەکی پلە بە پلە و پێ بە پێ دەبێتە مایەی گۆڕینی میزاج و مگێزی نەخۆشەکە.(عزەدجوی, ٢٠٠٠, لا١٠)

## نیشانەکانی خەمۆکی

1- هاودەمبوونی خەمۆکی: بریتییە لە دۆخێکی خەمۆکی، دۆخی زۆرێک لە پشێوی و تێکچوونە دەروونی و ویژدانییەکانە، خۆی لە کۆمەڵێک لە نیشانە هاوڕێ و هاودەمبووەکاندا ڕادەگەیەنێ کە هەندێکیان ماددی (ئۆرگانی) و هەندێکیشیان مینۆکی (معنوی) واتە (ئەندێشەیی و میزاجی)ن و هەندێکیشیان کۆمەڵایەتین. ئەم نیشانانەش پێیان دەگوترێ نیشانە هاوڕێ و هاودەمبووەکان. ئەم نیشانانە بە ئاسانی لایەنەکانی ڕەفتار و بیروڕا و هەستەکان دەگرێتەوە کە هەندێکیان یان زۆربەیان بە شێوەیەکی پێکبەستراو ڕوودەدەن و لە کۆتاییدا یارمەتی وەسفکردنی ڕەفتارە خەمۆکییەکان و دیاریکردنیان دەدەن، دەشێ ئەم هاودەمبوونەی نیشانەکان بەم شێوەیە جیابکرێنەوە:

ا- خەمۆكیی بێزاریی: لێرەدا مەبەست لە زاڵبوونی هەستی نائومێدبوون و بێزاری Emporia و ناڕەحەتییە، واتە دژ و پێچەوانەی ئەوەی کە وادەکات هەست بە ئارامی و ڕەوانی و دڵخۆشبوون Euphoriaبکەین، هەروەها کەسی تووشبوو هەردەم وا دەبینێت کە کەسێکی دڵتەنگ و نیگەران و غەمبار و غەمگینە و بێئومێدە لە ژیانیدا و زۆرجار وایبۆدەردەکەوێ کە ژیان بێواتا و بێبەهایە.

لێکۆڵینەوکان ئاشکرایان کردووە کە کەسانی تووشبوو بەم خەمۆکییە خۆیان بە هەڵبژاردنە کەسێتییەکانەوە بە دۆڕاو وەسفدەکەن و بە کەموکوڕییەوە ناوی ڕەفتارە کەسایەتییەکانیان دێنن.

ب- لاوازیی ئاستی چالاکی بەجووڵە و خاو و خلیچکی

یەکێک لە نیشانە جیاکەرەوەکان لای ئەو کەسانەی کە تووشی خەمۆکی بوون ئەوەیە کە ئاستی چالاکیی گشتییان بە شێوەیەکی بەرچاو لە جاران کەمتر بۆتەوە، شتێکی سەیر و دەگمەنیش نییە کەسێکی تووشبوو ببینین کە زۆربەی کاتەکانی بە دانیشتن لە شوێنی خۆی بەسەربەرێت بەبێ نواندنی هیچ چالاکییەکی ئەرێنی، یان شەکەت و کەنەفت و ماندوو بێت -لە باشترین حاڵەتدا- لە چالاکیی نەرێنیی بە تەنیا و لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و خەوتن و پاڵکەوتن و جێبەجێکردنی هەندێک لە پێداویستییەکانی وەک خواردن تێناپەڕێ، بەڵام چالاکییە باوەکانی ڕۆژانە وەک ڕۆیشتن بۆ کار، یان هەستان بەکار و ئەرکەکانی ناوماڵ و کارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ئەوا بەگوێرەی کەسی توشبووەوە زۆر گران و ئاریشەن و بەبێ هەوڵدانێکی زۆر نەبێ بۆی جێبەجێناکرێن، تەنانەت ئەو شتانەش کە جاران پێی خۆشبوون و چێژی لێ وەردەگرتن هیچ پاڵنەرێکی لە بەرامبەریاندا نییە و وەک و ئەرکە قورسەکانی دیکە دێنە بەرچاوی. (ابراهیم، ١٩٩٨، لا ٢٠)

٢- هەستکردن بە گوناهـ و گلەیی و گازەندەی دەروون نەخۆشەکان

هەندێک لە نەخۆشەکان بە هەستکردنێکی توند بە گوناهـ و گازەندەکردنی دەروون گوزارشت لە خەمۆکی دەکەن، بۆیە دەبینین بە خراپتر لەوەی کە بەکردەوە وابن یان خەڵک پێیانوابێ ئاوەهان باسی خۆیان دەکەن. زۆرجاریش وا دەبینین کە ئەمجۆرە کەسانە هەستکردنێکی وا بەسەریاندا زاڵ دەبێ کە پێیانوایە ئەوان بارگرانین بەسەر کەسوکار و خزمان و کۆمەڵگەدا، بەهۆی خەمۆکییەکەیانەوە و شکستهێنانیان یان جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کەسانی دەوروبەریان گلەیی و گازەندەیەکی زۆر لەخۆیان دەکەن.

٣- سکاڵاکردن لە جەستە و ئازاری ئەندامەکان

ئەم نیشانەیە باوترین و فریودەرترین نیشانەیە. زۆرجار خەمۆکیی ئەمجۆرە کەسانە پەردەپۆشکراوە بەو سکاڵایانەی کە بەڵگەن لەسەر زوو ماندووبوون و کەنەفت بوون و لاوازیی هێز و وزە، ئازارەکانی پشت و جەستە، بەبێ ئەوەی هۆی ئۆرگانی و ئەندامەکیی ڕوون و ئاشکرا هەبن کە ئەمە بەدیاربخەن. هەروەها تێکچوونی خەو و ئارەزوونەکردن و چێژوەرنەگرتن لە خواردنیش سکاڵای جەستەیی. جیاکەرەوەن بۆ خەمۆکی (الحفنی, ١٩٩٢, لا٢٠٦,)

**نیشانە دەروونییە بنەڕەتییەکانی دیاردەی خەمۆکی**

1- مگێز و میزاجێکی خەمۆک، دڵتەنگییەکی توند، هەستنەکردن، بۆشایی ناوەکی و ناسەقامگیری.

2- سستیی پرۆسەی بیرکردنەوە.

3- خراپبوونی بزاوت و جووڵەی دەروونی، سستی جووڵە، قورسی و گرانی و نەتوانین لە گوزارشت و دەربڕین، هەڵچوونی بە جووڵەی، جووڵەیەکی زۆر، نەتوانین لەسەر خاوبوونەوە، پێویستبوون بۆ تێکەڵاوبوون لە چالاکییە هیچ و بێئامانجەکان. (زهران, حامد عبدالسلام، ١٩٩٤, لا١٠١)

**هەرزەکاری و هەرزەکار**

هەرزەکار یان هەرزەکاری (المراهق أو المراهقه) لە بنەڕەتدا لە وشەی (رَهَقَ)ەوە وەرگیراون کە وشەیەکی کۆنە لە زماندا، ئەم وشەیە و گەردانکردنەکانی زۆر واتا دەبەخشن لەو واتایانەی کە بە تایبەتمەندیی تاکەوە پەیوەست دەبن، وەک: درۆکردن، هەڵەشەیی، بەدمەستی، زوو ڕق هەستان، زوو خراپەکردن، گێل و نەزانی و تاوان و خەسڵەتە خراپ و دزێوەکانی دیکە. هەروەها ئەو واتایانەش دەبەخشێ کە پەیوەستن بە تەمەنی ئەو تاکەوە کە دەگاتە تەمەنی یانزەساڵی کە تەمەنی پێش شەیتانیبوونە، وەک چۆن واتای بێزاری و جاڕسبوون و هەراسانی و ڕقهەستانیش دەگەیەنێ جا چ تاک تووش بێ پێیانەوە، یان ببێتە هۆکاری ڕوودان و تووشبوونیان لە یەکێکی دیکەدا. کاتێکیش باس لە هەرزەکاری دەکەین یان باسی ڕەفتارێک دەکەین کە ڕەفتاری هەرزەکارە، زۆرجار تەواوی ئەم واتایانە دەگرێتە خۆی. (Marcia, 1988, p,110).

**ئەو تیۆرانەی کە قۆناغی هەرزەکارییان لێکداوەتەوە**

**1- تیۆری بوار -دەرفەت (نظریه المجال):**

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان داوە لە گەشەکردنی کەسێتیدا بریتین لە لێکۆڵینەوەکانی زانا (لیڤین) کە یەکێکە لە خاوەنانی قوتابخانەی دیمەن (ڕوخسار، یان

چۆنێتی - الكشتالتيه) كە بە تیۆری بوار - دەرفەت- ناسراوە و لە کەشوهەوای دەروونزانیی کۆمەڵایەتییەوە سەریهەڵداوە... لە بیروڕاکانی (لیڤین)یش بەوەی کە هەرزەکاری بە شێوەیەکی گشتی ماوەی گواستنەوە دەگرێتەخۆی بەدوو لایەن جیادەکرێتەوە:

یەکەم: فراوانبوونی چوارچێوەی ئەو هەڵوێستانەی کە هەرزەکار لە کات و شوێن و کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویاندەبێتەوە، ئەوەتا هەرزەکار لە شوێنە زۆر و تازەکاندا سەربەخۆ دەبێت، لە ئایندەیەکی دوور دەڕوانێت و تیایدا بەهیوا و خۆزگەوە سەیری چارەنووسی خۆی دەکات، ئەمەش بریتییە لە پەیوەندیکردن بە نێوەند و دەستە و کۆمەڵە تازەکانەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان و خوێندنگاکەیدا.

دووەم: ئاڵۆزی و تەمومژاویی ئەو هەڵوێستە نوێیانە و ڕێکوپێک نەبوونیان لە شێوە زۆر و زەوەند و جێگیرەکاندا کە بۆ هەرزەکار ئاسانە پێیان بزانێ و لە سیما و سروشتیان تێبگات.

هەروەها لە بیروڕاکانی (لیڤین) ئەوەیە کە هەرزەکار وێنەنوێنی ماوەی گواستنەوەی کۆمەڵایەتی دەکات، کە وا دەکات هەرزەکار جیهانی منداڵی بەرەو جیهانی گەورەکان تێبپەڕێنێ. (سعید، ٢٠٠٨، لا ١٨)

## 2- تیۆری بایۆلۆجی

ستانلی هۆل زانای بەناوبانگی ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی هەرزەکاری دیاردەیەکی بایۆلۆژییە واتە سەرجەم گۆڕانکاری و گیروگرفتەکانی قۆناغی هەرزەکاری بۆ گۆڕانکارییە جەستەیی و فسیۆلۆژییەکان دەگەڕێنێتەوە، و قۆناغی هەرزەکاری بە لەدایکبوونێکی نوێ لەقەڵەمدەدات. (میللر, ٢٠٠٥, لا ١٤٣)

## 3- تیۆری ئەریکسۆن لە هەرزەکاریدا

ئەو قەیرانەی ئەمبازی هەرزەکار دەبێتەوە بریتییە لە (قەیرانی ناسنامە) کە قۆناغێکی کاتییە لە ونبوون و بێهوودەیی و نائومێدی و تیایدا هەرزەکار چەندین هەڵبژاردن هەڵدەبژێرێ بەرلەوەی بە شێوەیەکی تەکوز و کۆتایی پابەند و وابەستەبێ بە هەندێک لەو بەها و ئامانجانە. بۆیە ئەو هەرزەکارەی کە پڕۆسەیەکی گەڕان و بەدواداچوون لەناو خودی خۆیدا بەڕێوەیدەبات دەتوانێ بگاتە ناسنامە تەواو و پێگەیشتووەکەی خۆی.

زۆرێک لە زانایانی دەروونی لەسەر هەڵبژاردنی وشەی (قەیران) ڕەخنەیان لە ئەریکسۆن گرتووە و وایان بە باش زانیوە کە وشەی (دۆزینەوە) لە جێگای دابنرێ، ئەمەش بۆ باسکردنی شارەزاییی هەرزەکار لە گەڕان لە ناسنامەکەی. ئەم گەڕانەش بە شێوەیەکی پێبەپێ لەمیانی پرسیارکردنەکانی ڕۆژانەی وەک: (هاوڕێیەتی کێ بکەم؟ بڕۆم بۆ زانکۆ یان کار بکەم؟ کام زانکۆ؟ کام تایبەتمەندی؟ ئایا بچمە سەر ڕێباز و باوەڕێکی سیاسی...؟ لە وەڵامدانەوەیاندا تەواو و فەراهەم دەبێت. ئەم پرسیارکردن و وەڵامدانەوانەش وردەوردە شتێک پێکدەهێنن، کە لە کۆتاییدا بریتیە لەو قەوارە خۆیەتییەی کە پێیدەڵێن: ناسنامە. (Erickson, 1967, p. 27)

بەڵام ئەو هەرزەکارەی کە ئەم شارەزاییە قورسە لەگەڵ هەموو دوودڵی و کارە سەختەکانیەوە بەڕێوەنابات، ئەوا ڕووکارانە و بەبێ بوونی هیچ ئامانجێک بەدیاردەکەوێ و دێتەمەیدان، ئەمەش لەبەرئەوەی کە لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی پێشووتردا سەرکەوتوو نەبووە کە لە منداڵێتیدا پێیداتێپەڕیوە یان لەبەرئەوەی کۆمەڵگاکەی کۆمەڵێک هەڵبژاردنی دیاریکراوی بەسەردا دەسەپێنێ کە لەگەڵ تونا و خولیا و ئارەزووەکانیدا نایەنەوە و ناگونجێن.

ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە هەرزەکار بەبێ ئامادەکاری دەگاتە قۆناغی باڵقبوون و پێگەیشتن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مەرام و مەبەستە

دەروونییەکانی ببێتەوە وەک: دامەزراندنی پەیوەندییەکی پتەو و دروست لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کە ببێتەمایەی هاوسەرگیری. بۆیە لە مەترسییەکاندا تووشی سەختی و ئاریشەیی دەبێتەوە لە پرۆسەی بەشدارییپێکردنی خودی خۆیدا کە بنەمای پەیوەندییەکی ساغلەمە، چونکە ئەو لە ژیانیدا لە ناسنامەی کەسێتییەکەی وەک و بڕیارگە (مەرجەع)ێکی توندوتۆڵ دڵنیا نییە. (Hopkins, 1957, p,79)

هەرزەکاری لەمجۆرە پابەند و پابەست نابێ بە بەها یان بە ئامانجەکانەوە، بە شێوەیەکی کارا و چالاکانەش هەوڵنادات بۆ گەیشتن پێیان و هیچ ئاڕاستە و بۆچوونێکی ڕوونی نییە لە ژیاندا، ئەو هەڵبژاردنانەشی بۆ نادۆزرێتەوە کە ئەمبازی دەبێتەوە، تەنانەت هەوڵی دۆزینەوەشیان نادات. بە کورتی لاوێکی گوێپێنەدەر و ناپێگەیشتووە و خۆی ڕادەستی شتی نەزانراو و نادیار (بەخت و چارەنووس) کردووە، لەناو کۆمەڵگاکەیدا بە لای لادان و بیناکردنی بەهاکانیدا دەشکێتەوە بەبێ ئەوەی پرسیاریان لەبارەوە بکات، بۆ بەدبەختیش بە ئاقاری ئەو ڕەفتارانەدا شۆڕدەبێتەوە کە زۆربەیان کرچ و کاڵ و قرچۆکن. (عریفج، ١٩٩٥، لا ٢٣١)

**کێشە دەروونییەکانی هەرزەکار**

١- خەمۆکی

یەکێک لەو شڵەژان و تێکچوونە دەروونییانەی کە ڕووبەڕووی هەرزەکار دەبێتەوە خەمۆکی و دڵتەنگییە، هەرچەندە خەمۆکی و دڵتەنگییەکانی سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری هێشتا لە سنووری ئاسایی خۆیدایە و نەبوون بە نەخۆشیی دەروونی، بەڵام پشتگوێخستن و چارەسەرنەکردنی خەمۆکیی ئەو جۆرە هەرزەکارانە دەبێتە هۆی

تەشەنکردن و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

2- خۆکوشتن

ئەوەی مایەی کارەسات و نەهامەتییە، ئەوەیە کە هەندێک لە هەرزەکارەکان لە ئەنجامی پشتگوێخستن و چارەسەرنەکردنی کێشەکانیانەوە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن و کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەم جۆرە هەرزەکارانە کەسێتییەکی لاواز و قرچۆکیان هەیە و لە قۆناغی منداڵیدا بنەما و بناغەی پتەوی پەروەردەکردن و بونیادنانیان لاواز بووە، واتە کێشەی خێزانی و دەروونی هەرەسی پێهێناون و توانای بەرەنگاربوونەوەیان نییە و لەبەردەم کێشەکاندا چۆکدادەدەن، بۆیە بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە ئەمەش وەک تەنها چارەسەرێک بۆ ئەمبازبوون لە کێشەکان. (ڕزق، اسعد، ١٩٧٨، لا٤٢)

**توێژینەوەکانی پێشووتر**

یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوکانی پێشووتر:

١- توێژینەوەکەی (عبدالرضی شیخ و عطاالله)

ئامانجی ئەم توێژینەوە کە بە ناونیشانی (قەیرانی ناسنامە لای خوێندکارانی زانکۆ)یە، کە توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە، بریتییە لە زانینی شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە لای خوێندکارانی (زانکۆی دنقلا و زانکۆی ئیمام مەهدی) کە سامپڵی توێژینەوەکە (٨٢٠) خوێندکار بووە، و (٣٨٨) یان خوێندکاری زانکۆی دنقلا بوون و (٤٣٢) یان خوێندکاری زانکۆی ئیمام مەهدی بوون. هەروەها لە سامپڵی توێژینەوەکە (٤١٧) یان لە ڕەگەزی نێر بوون و (٤٠٣) یان لە ڕەگەزی مێ

بوون. له کۆتاییی ئەم توێژینەوەیدا هەردوو توێژەرەکە بۆیان دەرکەوتووە کە هەریەک لە خوێندکارانی زانکۆی دنقلا و خوێندکارانی زانکۆی ئیمام مەهدی حاڵەتێکی ئەرێنیی و ئیجابییان هەیە لە شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە.

## 2- توێژینەوەکەی (عسیری، ٢٠٠٣)

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پەیوەندی پێکهاتنی ناسنامەی من بە هەر یەک لە چەمکی خود و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی) کە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان پێکهاتنی ناسنامە بە چەمکی خود و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە ژمارەی سامپڵەکەی (١٤٦) خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بوون کە بریتیبوون لە ڕەگەزی مێ.

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە هیچ پەیوەندییەک نییە لە نێوان نمرەی پایەکانی ناسنامەی گشتی بە چەمکی خود.

## دووەم: بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر

### ١- لە ڕووی ئامانجەوە:

ئامانجەکانی توێژینەکانی پێشووتر بەپێی سروشتی ئەو گرفتەی کە توێژینەوەکەی لەسەر کراوە دەگۆڕێن بۆ نموونە توێژینەوەکەی (عبدالرضی شیخ و عطاالله) ئامانجەکانی بریتی بووە لە بەراوردکردنی خوێندکارانی هەردوو زانکۆی دنقلا و زانکۆی ئیمام مەهدی لە شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە. بەڵام توێژینەوەکەی (عسیری، ٢٠٠٣) ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان پێکهاتنی ناسنامەی من بە چەمکی خود و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

**2- له ڕووی سامپڵی توێژینەوە:**

ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکان جیاوازن بەپێی جۆری توژێینەوەکان بۆ نموونە توێژینەوەکەی (عبدالرضی شیخ و عطاالله) ژمارەی سامپڵەکەی (٨٢٠) خوێندکاری زانکۆ بوو، بەڵام توێژینەوەکەی (عسیری، ٢٠٠٣) ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکەی (١٤٦) خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بووە لە ڕەگەزی مێ.

**سێیەم: گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکانی پێشووتر**

**١- توێژینەوەکەی (عبدالرضی شیخ و عطاالله)**

بە شێوەیەکی گشتی دەرکەوتووە کە تاکەکانی سامپڵی توژێینەوەکە ڕووبەڕووی قەیرانی ناسنامە بوونەتەوە، و هیچ جیاوازییەکیش نییە لە نێوان ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ لە شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە. هەروەها لە ئەنجامەکانی توێژینەوکەوە دەرکەوتووە کە خوێندکارانی زانکۆی ئیمام مەهدی لە ئاستێکی بەرزتردان لە بەدەستهێنانی ناسنامەن وەک لە خوێندکارانی زانکۆی دنقلا.

**2- توێژینەوەکەی (عسیری، ٢٠٠٣)**

لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە شێویەکی گشتی دەرکەوتووە هیچ پەیوەندییەک نییە لە نێوان پێکهاتنی ناسنامە و چەمکی خود. هەوەها لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە:

- جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان نمرەکانی ناسنامەی ئایدیۆلۆجی و نمرەکانی چەمکی خود.

- هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان نمرەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و نمرەکانی چەمکی خود لای سامپڵی توێژینەوەکە.

## لایەنی پراکتیکی

### یەکەم: میتۆدی لێکۆڵینەوە

میتۆدی ئەم توێژینەوە بریتییە لە وەسفی - پەیوەندی، لەم بەشەدا کۆمەڵگای توێژینەوەکە و سامپڵی توێژینەوەکە و ئەو ئامرازانەی کە بەکارهاتوون لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان باسکراوە.

### دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی ناو شاری کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩)، کە ژمارەی سەرجەمیان بریتیبوو لە (٣٢٦٨) کە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیە وەرگیراوە دابەش بوو بەسەر (١١) یازدە ئامادەیی، بڕوانە خشتەی ژمارە (١):

خشتەی ژمارە (١)

| ز | خوێندنگا | ژمارەی خوێندکار |
| --- | --- | --- |
| ١ | ئامادەیی ڕاجی کوران | ٢٤٠ |
| ٢ | ئامادەیی کۆیەی کچان | ٥٦٠ |
| ٣ | ئامادەیی کانی کچان | ٣٠٣ |
| ٤ | ئامادەیی کۆیەی کوڕان | ١٥٨ |
| ٥ | ئامادەیی قەرەناوی تێکەلاو | ٢٦٢ |
| ٦ | ئامادەیی هیوای کوران | ٢٦٢ |
| ٧ | ئامادەیی سامی عەودالی کوران | ٣٠٤ |
| ٨ | ئامادەیی بەیداخی کچان | ٢٩٨ |
| ٩ | ئامادەیی هۆژینی کچان | ٢٥٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | ئامادەیی سیابۆی کچان | ٣٠٠ |
| ١١ | ئامادەیی چرۆی تێکەڵاو | ٣٢٦ |
| کۆ | ئامادەیی هۆژینی کچان | ٣٢٦٨ |

## سێیەم: سامپڵی توێژینەوە

لەم بەشەدا توێژەر سامپڵی توێژینەوەکەی هەڵبژارد بەپێی یەکێک لە داواکارییەکانی ئامانجی توێژینەوە، هەڵبژاردنی سامپڵەکە بە شێوەی ناهەڕەمەکیی مەبەستداری چینی یەکسان بوو ژمارەی سامپڵەکە پێکهاتبوو لە (١٠٠) خوێندکار، کە توێژەر بە شێوەی هەڕەمەکی لەو یانزە خوێندنگەیەی سەرەوە دوو خوێندنگەی هەڵبژارد و لەناو ئەو دوو خوێندنگەیەدا بە هەڕەمەکی سامپڵی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) دیارە:

خشتەی ژمارە (٢)

| ژ | ناوی خوێندنگە | کۆی ژمارەی خویندکار | ژمارەی سامپڵ | بەش | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وێژەیی | زانستی |
| ١ | ئامادەیی کۆیەی کچان | ٥٦٠ | ٥٠ | ٢٥ | ٢٥ |
| ٢ | ئامادەیی هیوای کوڕان | ٢٦٢ | ٥٠ | ٢٥ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | | ٨٢٢ | ١٠٠ | | |

**چوارەم: ئامرازی توێژینەوە**

بەمەبەستی دۆزینەوەی (قەیرانی ناسنامە و پەیوەندی بە خەمۆکی لای هەرزەکار) کە دوو پێوانە لەخۆدەگرێت ئەوانیش بریتین لە:

**١- پێوانەی قەیرانی ناسنامە**

توێژەر پێوانەکەی (ادمز، تشی، فیتش، ١٩٧٩) بەکاردەهێنێت کە وەرگیراوە لە (عبدالرحمن (ب)، ١٩٩٨، ١٣٥)، بۆ پێوانەکردنی قەیرانی ناسنامە لای سامپڵی توێژینەوەکە. کە خوێندکار یەکێک لە ئۆپشنەکان هەڵبدەژێرێ کە پێی باشە، و بەرانبەر هەر بڕگەیەک (٦) ئۆپشن هەیە کە بریتین لە (بە تەواوەتی ڕازیم، ڕازیم بە پلەیەکی مامناوەندی، ڕازیم تا ڕادەیەکی کەم، ناڕازیم تا ڕادەیەکی کەم، ناڕازیم بە پلەیەکی مامناوەندی، هەرگیز ڕازی نیم) و ناوەندی گریمانەیی قەیرانی ناسنامە بریتییە لە (٥٦).

***2- پێوەری خەمۆکی:*** بریتییە لە پێوانەی (بێک).

توێژەر پێوانەی بێک بەکاردەهێنێت کە وەرگیراوە لە توێژینەوەکەی ڕسول (٢٠٠٨, بێک) بەپێی ئەو نمرەیەی کە دایناوە بۆ پێوانەکردنی ئاستی خەمۆکی بەم شێوەیەی لای خوارەوە نمرەکانی دابەشکردوە:

(5-9) ئەو هەڵچوون و داچوونە، ڕەچاوکردنی ئاساییە، واتە (خەمۆکییەکی ئاساییە) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت ئەو کەسە پێوانەی بێک بۆ خەمۆکی پڕدەکاتەوە ئەگەر ئەم نمرەیەی بەدەستهێنا لە ئەنجامی پڕکردنەوەی ئەو پێوەرە ئەوا ئاستی خەمۆکی ئاساییە.

(10-18) ئەم نمرەیە مانای (خەمۆکیی سوکی مامناوەندی)یە. ئەوەی کە ئەم نمرەیە بەدەستدەهێنێت واتە خەمۆکییەکی سوکی مامناوەندی هەیە بەپێی ئەو نمرەی کە (بێک) دایناوە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی خەمۆکی.

(19-29) ئەم نمرەیە بە مانای (خەمۆکیی سەختی مامناوەندی)یە، ئەوەی ئەم نمرەیە بەدەستدەهێنێت لە پڕکردنەوەی پێوانەی بێک بۆ خەمۆکی واتە خەمۆکییەکی سەختی مامناوەندیی هەیە.

(30-63) ئەم نمرەیە بە مانای (خەمۆکیی سەخت-بەهێز)یە، ئەوەی ئەم نمرەیە بەدەست دەهێنێت واتە خەمۆکییەکی بەهێزی هەیە. (رسول، ٢٠٠٨، لا٥٥).

**پێنجەم: ڕاستگۆیی**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی زانستی ئەوەیە کە پێوەرەکە ڕاستگۆ بێت واتە پێوەرەکە لە پێوانەی دیاردەکە ڕاستگۆ بێت.

یەکەم: ڕاستگۆییی زمانی

**١- ڕاستگۆییی زمانی بۆ پێوەری قەیرانی ناسنامە**

توێژەر بۆ وەرگێڕانی پێوەری قەیرانی ناسنامە کە ئەم پێوانەیەی بە زمانی عەرەبی دەستکەوت بۆ سەر زمانی کوردی سەرەتا پێوەرەکەی دایە شارەزایەکی زمانی عەرەبی و کوردی و پێوەرەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، پاشان پێوەرە وەرگێڕدراوەکەی دایە شارەزایەکی دیکەی زمانی عەرەبی دووبارە وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی بێ ئەوەی دەقە عەرەبییەکە ببینێت، پاشان لە لایەن چەند شارەزایەکی زمانی عەرەبی پێوەرە دووبارە وەرگێڕدراوەکەی سەر زمانی عەرەبی بە پێوەرە بنچینەییەکە بە زمانی عەرەبی بەراوردکرا، دواتر دەرکەوت کە لە ڕووی زمانییەوە هەڵەی تێدا نییە و پێوەرەکە بە باشی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

### 2- ڕاستگۆییی زمانی بۆ پێوەری خەمۆکی:

لەبەر ئەوەی ئەم پێوانەیە پێشتر لە لایەن توێژەرێکی ترەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی بۆیە توێژەر ڕاستگۆییی زمانی بۆ پێوانەی خەمۆکی دەرنەهێناوە چونکە پێوەرەکەی بە کوردی دەسکەوتبوو.

### دووەم: ڕاستگۆییی ڕواڵەتی

دوای ئەوەی توێژەر پێوەری قەیرانی ناسنامەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و ڕاستگۆییی زمانیی بۆ دەرکرد، دواتر پێوەرە کوردییەکەی پێشکەش بە کۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری دەروونزانی کرد بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستگۆییی ڕواڵەتیی بڕگەکان.

داواکارییەکان بۆ شارەزایان بریتیبوون لە:

- دەستنیشانکردنی گونجان یان نەگونجانی بڕگەکان لەگەڵ چەمکی قەیرانی ناسنامە.
- دانانی هەر تێبینییەک کە بە پێویستی دەزانێت.

١- ڕاستگۆییی ڕواڵەتی بۆ پێوەری قەیرانی ناسنامە:

بەپێی بۆچوون و تێبینییەکانی شارەزایان کە لە ڕاستگۆییی ڕواڵەتی وەرگیرابوون، توێژەر هەندێک لە بڕگەکانی ڕاستکردەوە و (١٦) بڕگەشی دەرهێنا لە پێوەرەکە کە لە بنەڕەتدا پێوەرەکە (٢٤) بڕگە بوو، بڕگەکانی تر لەبەر ئەوە وەرنەگیرا بوون چونکە دووبارەببونەوە یان ڕێژەی پەسەندکردنیان بەدەستنەهێنابوو کە ڕێژەی پەسەندکردنی بڕگەکان

بریتیبوو لە (٦٦.٦٦%) چونکە توێژەر ئەو ڕێژەیەی وەک بنچینەیەک و ستاندەرێک دانابوو بۆ مانەوەی بڕگەکان بۆیە هەر بڕگەیەک ڕێژەی لە (٦٦.٦٦%)ی کەمتر وەرگرتبێت وەرنەگیراوە و ئەو بڕگەیە لابراوە.

دوای وەرگرتنەوەی ڕاوبۆچوونەکان توێژەر شیکردنەوهی بۆ کردن بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕایانسپاردبوو، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین پێوانەکە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی (صدق الظاهری) بۆ ئەنجامدرا. کە ڕێژەی ڕاستگۆیی پێوانەکە بریتیبوو لە (٨٥، ٣٨).

2- ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ پێوەری خەمۆکی:

ئەم پێوەرە پێشتر لە لایەن (گۆران محمد ڕسول) لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجامدراوە. کە ڕاستگۆیی زمانی و ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ بڕگەکانی ئەنجامدراوە. لەبەرئەوە توێژەر دووبارە ئەو ڕاستگۆییانەی بۆ نەکردۆتەوە.

**شەشەم: جێبەجێکردنی بەرایی**

توێژەر بۆ دڵنیایی و ڕوون و ئاشکرایی بڕگەکانی ناو پێوانەی قەیرانی ناسنامە، تاقیکردنەوەیەکی بەرایی ئەنجامدا بەسەر (١٥) خوێندکار، دواتر ڕێژەی جێگیریی پێوانەی قەیرانی ناسنامەی دۆزیەوە.

بەڵام بۆ پێوانەی خەمۆکی توێژەر ڕێگای (ئەلفا کرونباخی) لە جێبەجێکردنی کۆتاییدا بەکارهێنا.

**حەوتەم: جێگیری**

بەپێی ئەوەی کە جێگیری یەکێکە لە مەرجەکانی توێژینەوەی زانستی بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی کە جێگیریی پێوەرەکانی توێژینەوەکە بدۆزێتەوە.

١- بۆ دۆزینەوەی جێگیریی پێوانەکە توێژەر شێوزای *(Test & retest)*ی بۆ پێوانەی قەیرانی ناسنامە بەکارهێنا. دواتر زانیارییەکانی بە بەرنامەی*(SPSS)* بەهۆی هاوپێوەندیی پیرسۆنەوە جێگیریی پێوانەکەی دۆزیەوە کە بریتیبوو لە (٧٢%) کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە بە پێی بیروبۆچوونی زانایان.

٢- بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی جێگیری بۆ پێوەری خەمۆکی توێژەر لە جێبەجێکردنی کۆتاییدا لە ڕێگەی بەرنامەی (*SPSS)* و بە ڕێگەی (ئەلفا کرونباخ) دەرهێنا کە ڕێژەکەی بریتیبوو لە (٨٨%).

### هەشتەم: ئەنجامدانی پێوانەکان بە شێوەی کۆتایی

دوای دڵنیابوون لە ڕاستگۆییی پێوانەکە توێژەر پێوانەکانی ئەنجامدا بە شێوەی کۆتایی لە بەرواری (١٧-٢-٢٠١٩) فۆرمی ڕاپرسییەکەی دابەشکرد بەسەر تاکەکانی سامپڵی کۆمەڵگا بنچینەییەکە بە شێوەی هەڕەمەکیی یەکسان، وەڵامدانەوەی بڕگەکانی ڕاپرسییەکە لە لایەن خوێندکاران کە بەرانبەر هەر بڕگەیەک شەش هەڵبژرادن (ئۆپشن) هەیە کە نیشانەی (√) لە بەردەمی هەڵبژاردنەکە دادەنێن، توێژەر هەر لە هەمان ڕۆژ (١٧-٢-٢٠٠٩) فۆرمی ڕاپرسییەکانی وەرگرتەوە.

### نۆیەم: ئامرازی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا

توێژەر لە شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە سوودی لە بەرنامەی *(SPSS)* وەرگرتووە. کە ئەم شێوازانەی بۆ شیکردنەوەی زاینیارییەکان بەکارهێناوە:

*(Descriptive Statistics)*، هاوپەیوەندی *(correlation)* و *(T-Test)*.

## خستنەڕووی دەرئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

توێژەر دوای جێبەجێکردنی کۆتاییی پێوانەکە، بە مەبەستی شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە بەرنامەی (SPSS) ی بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

### شیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

### یەکەم: زانینی ئاستی قەیرانی ناسنامە

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوە هەر وەک لە بەشی یەکەمدا هاتووە بریتییە لە دۆزینەوەی ئاستی قەیرانی ناسنامە لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی، کە توێژەر کە لە ڕێگای بەکارهێنانی (*Descriptive Statistics*) ی لە بەرنامەی (*SPSS*) ئاستی قەیرانی ناسنامە لای قۆناغی شەشەمی ئامادەیی لەناو شاری کۆیە دۆزییەوە، کە ناوەندی ژمێرەیی قەیرانی ناسنامە بریتییە لە (٩٨ .٦٥) ئەمەش بەپێی ناوەندی گریمانی کە بریتییە لە (٥٦) ئەوە دەسەلمێنێ کە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووبەڕووی قەیرانی ناسنامە بوونەتەوە، و لادان لە پارسەنگ بریتیبوو لە (٧٨ .٩). (بڕوانە خشتەی ژمارە (٣))

خشتەی ژمارە (٣)

| ئاستی قەیرانی ناسنامە لای سامپڵی توێژینەوەکە | ژمارەی سامپڵ | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادان لەپارسەنگ |
|---|---|---|---|---|
| | ١٠٠ | ٩٨ .٦٥ | ٥٦ | ٧٨.٩ |

دووەم: جیاوازیی ڕەگەزی نێر و مێ لە شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە

ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە بریتییە لە دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە.

لە ئەنجامی شیکارە ئامارییەکان لە ڕێگەی (*T-Test*) ەوە، دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت لە نێوانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە.

کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر بریتیبوو لە (٦٠. ٦٥) و لادان لە پارسەنگەکەی بریتیبوو لە (١١. ٥٥). و ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ بریتیبوو لە (٦٦. ٩٠) و لادان لە پارسەنگەکەی بریتیبوو لە (٧. ٦٢). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ئامانجە (بڕوانە خشتەی ژمارە (٤))

خشتەی ژمارە (٤)

| ڕەگەز | ژمارەی سامپڵ | ناوەندی ژمێرەیی | لادان لە پارسەنگ | بەهای تائی | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٥٠ | ٦٥,٦ | ١١. ٥٥ | - .٩٤٠ | .٣٥٠ |
| مێ | ٥٠ | ٦٦. ٩٠ | ٧. ٦٢ | | |

**سێیەم: زانینی ئاستی خەمۆکی**

ئامانجی سێیەمی ئەم توێژینەوە هەر وەک لە بەشی یەکەمدا هاتووە بریتییە لە دۆزینەوەی ئاستی خەمۆکی لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی، کە توێژەر لە ڕێگای بەکارهێنانی *(Descriptive*

*(Statistics*ی له بەرنامەی *(SPSS)* ئاستی خەمۆکی لای قوتابییانی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی لەناو شاری کۆیە دۆزییەوە.

له شیکردنەوەی زانیارییەکاندا دەرکەوت کە ئاستی خەمۆکی لای خوێندکارانی شەشەمی ئامادەیی ناو شاری کۆیە بریتییە لە (١٩. ٣٨) و لادان لە پارسەنگ بریتیبوو لە (١١. ٦٠).

نزمترین نمرەی خەمۆکی بریتیبوو لە (سفر) کە ئەم جۆرە نمرەیە بەپێی پۆلێنکاریی نمرە بۆ دانان لای (بێک) بۆ ئاستی خەمۆکی نییە چونکە نمرە بۆدانانەکەی (بێک) لە نمرە (٥)ەوە دەستپێدەکات، و بەرزترین نمرەی خەمۆکی بریتیبوو لە (٥٤) ئەمەش بەپێی پۆلینکاری و نمرە بۆدانانیان خەمۆکییەکی سەختە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە ئاستی خەمۆکی بە شێوەیەکی گشتی لای خوێندکارانی شەشی ئامادەیی ناو شاری کۆیە بریتییە لە (١٩. ٣٨). کەواتە بەپێی ئەو نمرەیەی کە زانا (بێک) دایناوە بۆ ئاستی خەمۆکی دەرکەوت کە ئاستی خەمۆکی لای سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە خەمۆکی سەختی مام ناوەند. (بڕوانە خشتەی ژمارە (٥)).

خشتەی ژمارە (٥)

| ئاستی خەمۆکی لای سامپڵی توێژینەوەکە | ژمارەی سامپڵ | نزمترین پلەی خەمۆکی | بەرزترین پلەی خەمۆکی | ناوەندی ژمێرەی ئاستی خەمۆکی | لادان لە پارسەنگ |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٠٠ | سفر | ٥٤ | ١٩. ٣٨ | ١١. ٦٠ |

## چوارەم: دۆزینەوەی جیاوازی ڕەگەزیی نێر و مێ لە ئاستی خەمۆکی

سەبارەت بە ئامانجی چوارەم کە بریتییە لە دۆزینەوەی جیاوزایی ئاستی خەمۆکی لە نێوان ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ. دواتر توێژەر لە ڕێگەی بەرنامەی (*SPSS*) ەوە بە ڕێگای (*T-Test*) ئەم جیاوازییەی دیتەوە، دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناکرێت لە ئاستی (٠. ٠٥). کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر بریتیبوو لە (١٩.٤٤) کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ئاستی خەمۆکی لای ڕەگەزی نێر خەمۆکی سەختی مام ناوەندە، و لادان لە پارسەنگ (١٢. ٣٠) بوو. و ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ بریتیبوو لە (١٩. ٣٢) واتە ئاستی خەمۆکی لای ڕەگەزی مێ لە سامپڵی توێژینەوەکە خەمۆکی سەختی مام ناوەندە، و لادان لە پارسەنگ بریتیبوو لە (١٠. ٩٨). (بڕوانە خشتەی ژمارە (٦)):

خشتەی ژمارە (٦)

| ڕەگەز | ژمارەی سامپڵ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای تائی | پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی ٠. ٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٥٠ | ١٩. ٤٤ | ١٢. ٣٠ | ٠٥١. | ٩٥٩. |
| مێ | ٥٠ | ١٩. ٣٢ | ١٠. ٩٨ | | |

## پێنجەم: پەیوەندیی قەیرانی ناسنامە بە خەمۆکی

ئامانجی پێنجەم ئەم توێژینەوە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان قەیرانی ناسنامە بە خەمۆکی لە ڕێگەی هاوپەیوەندیی پیرسۆنەوە (*correlation-person*) دەرکەوت کە هیچ پەیوەندییەکی بەڵگەداری

ئاماری بەدیناکرێت لە ئاستی (٠. ٠٥) لە نێوان قەیرانی ناسنامەی خەمۆکی لای تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە. (بڕوانە خشتەی ژمارە(٧))

خشتەی ژمارە (٧)

| ئاستی خەمۆکی | ها و پەیوەندی | S.g | هەبوونی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی ٠. ٠٥ |
|---|---|---|---|
| قەیرانی ناسنامە | .٤٦ | .٦٥ | نە بوونی پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە |

## دەرئەنجام

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیە توێژەر گەیشتە کۆمەڵە دەرئەنجامێک لەوانە:

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە زانینی پەیوەندی لە نێوان قەیرانی ناسنامە و خەمۆکی لای هەرزەکار، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە هیچ پەیوەندییەک نییە لە نێوان قەیرانی ناسنامە و خەمۆکی لای خوێندکارانی شەشی ئامادەیی ناو شاری کۆیە.

هەر لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئاستی خەمۆکی بە شێوەیەکی گشتی لای خوێندکارانی شەشی ئامادەیی ناو شاری کۆیە خەمۆکیی (سەختی مامناوەند)یان هەیە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی خەمۆکی (١٩، ٣٨)، واتە دەکەوێتە نێوان (١٩-٢٩) کە بە بۆچوونی (بێک) ئەم نمرەیە خەمۆکییەکی سەختی مامناوەند دەگەیەنێت. ئەمەش بەپێی ئەو قۆناغەی کە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەی تێدایە شتێکی ئاسایی و لۆژیکییە.

هەر لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی می لە ئاستی خەمۆکی، ئەمەش پێچەوانەی ئەو توێژینەوانەیە کە دەڵێن خەمۆکی لای ڕەگەزی مێ دوو ئەوەندەی خەمۆکییە لای ڕەگەزی نێر.

هەروەها لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەک نییە لای ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی ناسنامە. لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە کە خوێندکارانی شەشەمی ئامادەیی ڕووبەڕووی قەیرانی ناسنامە بوونەتەوە ئەمەش بەپێی ناوەندی گریمانی کە ناوەندی ژمێرەیی سامپڵی توێژینەوەکە (٦٥. ٩٨) واتە لە

ناوەندی گریمانی لایان داوە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بە ڕادەیە خوێندکارانی شەشی ئامادەیی ڕووبەڕووی قەیرانی ناسنامە بوونەتەوە.

## بەشی پێنجەم

## ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

### ١- ڕاسپاردەکان

١- گرنگیدان بە قۆناغی هەرزەکاری بەو گۆڕانکارییانەی کە لەو قۆناغەدا ڕوودەدەن.

٢- دانانی بابەتێک یان وانەیەک کە تایبەت بێت بە قۆناغی هەزەکاری لە پەیڕەوی خوێندندا لە قۆناغەکانی هەرزەکاریدا.

٣- زیاتر هۆشیارکردنەوەی هەرزەکار بەو قۆناغەی کە تیایدا دەژی لە ڕێگەی سەنتەر و چالاکییەکانەوە.

٤- کردنەوەی سەنتەرێکی دەروونیی تایبەت بەو هەرزەکارانە یان ئەو تاکانەی کە پێویستییان بە ڕێنمایی دەروونی هەیە.

### ٢- پێشنیازەکان

*1* - ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر سامپڵێکی زۆرتری هەرزەکاران.

*2*- ئەنجامدانی توێژینەویەکی دیکەی هاوشێوە لەگەڵ بەکارهێنانی چەند گۆڕاوێکی جیاوازتر کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەکارینەهێناوە وەک دڵەڕاوکێ، متمانەبەخۆبوون، ئاستی ڕۆشنبیری خێزان.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان**


- *رسول، گۆران محمد (٢٠٠٨)، پەیوەندی نێوان خەمۆکی و دیاردەی جگەرە کێشان لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق. (توێژینەوەی) دەرچوون.*


**سەرچاوە عەرەبییەکان**


- ابراهيم، د.عبدالستار (١٩٩٨)، الأكتئاب، عالم المعرفه.

- أبو اخير، عبد الكريم قاسم (١٩٨٥). أساليب المعاملة الوالدية كما يدركها الأبناء وعلاقتها بالاضطرابات السلوكية. رسالة ماجستير غير منشورة، النفس.

- ابو جادو، صالح محمد علي (١٩٩٨أ): سيكولوجيه التنشئه الاجتماعيه، ط١، دار المسيره للنشر والتوزيع والطباعه، عمان، الأردن.

- ابو جادو، صالح محمد علي (٢٠٠٠): علم النفس التربوي، ط٢، دار المسيره للنشر والتوزيع والطباعه، عمان، الأردن.

- ابو حطب، فؤاد. صادق، امال (١٩٩٩)، نمو الأنسان من مرحله الجنين الى المرحله السنين، مكتبه الأنجلو المصريه، القاهره.

- اريكسون، أريك (١٩٥٤): الشخصيه السويه نموها وأزمتها، عرض وتلخيص : سعد المغربي، الكتاب السنوي في علم النفس، المجلد الأول، دار المعارف، القاهره، مصر.

- اشول، عز الدين (١٩٨٤): علم نفس النمو، ط٢، مكتبه الانجلو المصريه، القاهره، مصر.

- بركات، اسيا بنت على راجح (٢٠٠٠)، العلاقه بين أساليب معامله الوالديه و الأكتئاب لدى بعض المراهقين و المرهقات المراجعين لمستشفى الصحه النفسيه بمدينه طائف، جامعه ام القرى، المملكه العربيه السعوديه. (رساله ماجستير)

- البيلي، محمد عبد الله وآخرون (١٩٩٧): علم النفس التربوي وتطبيقاته، ط١، مكتبه الفلاح، الكويت.

- توق، محي الدين وعبد الرحمن عدس (١٩٩٥): المدخل الى علم النفس، ط٥، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

- توق، محى الدين. قطامى، د.يوسف. عبدالرحمن، د.عدس (٢٠٠٢)، أسس علم النفس التربوى، دار الفكر العربى، ط٢.

- تونسى، عديل حسن طاهر (٢٠٠٢)، القلق والأكتئاب لدى عينه من المطلقات و غير المطلقات في المدينه المكه المكرمه، جامعه ام القرى، مملكه العربيه السعوديه. (رساله ماجستير) ٢٢

- جابر، د.جابر عبدالحميد (١٩٧٧)،دار النهظه العربيه،القاهره.

- جايد، زيد عبد الكريم (١٩٨٦): بياجيه وأريكسون والنمو الذهني النفسي، مجله آداب الرافدين، السنه ١٢، العدد١٦.

- الجبورى، كاضم الجبر (٢٠٠٥)، اثر العلاج السلوكى المعرفى في التعديل البنى المعرفى للمصابين بالأكتئاب، جامعه مستنصريه، العراق. (رساله دكتوراه)

- الجسماني، عبد علي (١٩٨٣): سايكولوجيه الطفوله والمراهقه وحقائقها الأساسيه، ط٢، مطبعه أسعد، بغداد.

- جلال، سعد (١٩٨٦)، في الصحه العقليه-الأمراض النفسيه والعقليه والأنحرافات السلوك، دار الفكر العربى، القاهره.

- الحفنى,عبدالمنعم(١٩٩٢) ,موسوعه الطب النفسي ,لقاهره ,مكتبه مدبولى,ط١

- حقى،الفت (١٩٩٥)، الأظطراب النفسى، مركز الأسكندريه للكتاب.

- زهران، حامد عبد السلام (١٩٩٤): علم نفس النمو، ط٦، عالم الكتب، القاهره، مصر

- زهرانى، نجمه بنت عبدالله محمد (٢٠٠٥)، النمو النفسى والاجتماعى وفق نظريه اريكسون وعلاقته بالتوافق النفسى والتحصيل الدراسى،جامعه ام القرى، المملكه العربيه السعوديه. (رساله ماجستير)

- سعيد، هه ورين محمد امين (٢٠٠٨)، المخاوف التى تعانى منها المراهقات من الطلبه المدراس المتوسطه في المدينه كويه، جامعه كويه، أقليم الكردستان العراق. (بحث بكالوريوس) -

- شلتز، دوان (١٩٨٣): نظريات الشخصيه، ترجمه : أحمد دلي الكربولي وعبد الرحمن القيسي، جامعه بغداد

- صادق، عادل (١٩٨٨)، الطب النفسى، دار السعوديه للنشر والتوزيع، ط١

- العبادي، عامر عبد النبي ٢٢ الاجتماعية، اطروحة دكتوره غير منشوره، كلية التربية، جامعة البصره. (النمو النفسي لدى طلبة الجامعة وعلاقتها ببعض المتغيرات ٢٠٠٢).

- عبدالرحمن، محمد سيد (أ)، (١٩٩٩)، نظريات الشخصيه، دار البقاء، مصر.

- عبدالرحمن، محمد سيد (ب) (١٩٩٨)، مقياس الموضوعى لرتب الهويه الأيدولوجيه والأجتماعيه في مرحلتى المراهقه والرشد و المبكر، دار البقاء، مصر.

- العبيداء، صالح بن عثمان (٢٠٠٨)، التعبيرات الفنيه في الرسومات عينه المرضى الأكتئاب، جامعه ملك سعود،المملكه السعوديه

- العبيدي، نوري جودي (١٩٩٥) : النمو الخلقي للمراهق العراقي وعلاقته بالاتجاه الديني ومراقبه الذات والعمر، أطروحه دكتوراه (غير منشوره)، كليه التربيه (ابن رشد)، جامعه بغداد

- عدس، محمد عبدالرحيم (٢٠٠٠)، تربه المراهقين، دار الفكر، عمان، الأردن، ط١.

- عريفج، سامي سلطي (١٩٩٥): مقدمه في علم النفس التربوي، ط١، دار الفكر، عمان، الأردن.

- عريفج، سامي سلطي (٢٠٠٠): مقدمه في علم النفس التربوي، ط٢، دار الفكر، عمان، الأردن.

- عزەمحمدفواد,دجوى (٢٠٠٠),فاعليه برنامج موسيقى مقترح فى تخفيف الاكتئاب والشعوربالوحده لدى طلبات صف ثالث الاعدادى,رسله ماجستير,كليه التربيه,جامعه حلوان.

- عسكر,عبدالله(١٩٨٨),الاكتئاب النفسي بين النظريه والتشخيص,القاهره,الانجلو المصريه.

- عسيرى، عبير بنت محمد (٢٠٠٣)، علاقه تشكيل هويه الأنا بكل من مفهوم الذات والتوافق النفسى والاجتماعى والعام، جامعه ام القرى، المملكه العربيه السعوديه. (رساله ماجستير) -

- عقل, محمودعطا حسين,(١٩٩٣),النموالانسانى ,الرياض,دراخريجى,ط١

- الغامدي، حميد الفارس (٢٠٠٤): النمو الأخلاقي لدى الجانحين وغير الجانحين بالمنطقه الغربيه من المملكه العربيه السعوديه، رساله ماجستير، جامعه أم القرى، مكه، (من الأنترنيت).

- الغامدي، حميد الفارس (٢٠٠٤): النمو الأخلاقي لدى الجانحين وغير الجانحين بالمنطقه الغربيه من المملكه العربيه السعوديه، رساله ماجستير، جامعه أم القرى، مكه.

- فتحي، محمد رفقي محمد(١٩٨٣): في النمو الأخلاقي (النظريه، البحث، التطبيق)، ط١، دار القلم، جامعه الكويت.

- الفيومي، محمد محمد عيسى (١٩٨٥): عرض وتحليل نظريه أريكسون النفسيه والاجتماعيه، مجله العلوم الاجتماعيه، مجلد١٣، العدد١، منشورات جامعه الكويت، الكويت

- قشقوش, ابراهيم, (١٩٨٠) , سيكولوجية المراهقه, القاهره, مكتبه الانجلو المصريه, ط١

- كمال، د.على (١٩٨٨)، النفس–انفعالاتها، اعراضها، علاجها، دار واسط، بغداد، الجزء الأول، ط٤.

- لازاروس، ريتشارد (١٩٨١): الشخصيه، ترجمه : سيد محمد غنيم، دار الشروق، بيروت، لبنان.

- معوض، خليل ميخائيل (١٩٨٣): سيكولوجيه النمو (الطفوله والمراهقه)، ط٢، دار الفكر الجامعي، عمان، الأردن (من الأنترنيت).

- معوض, خليل ميخائيل, (١٩٩٤), سيكولوجيه النمو (الطفوله والمراهقه) الاسكندريه, دارالفكر الجامعى, ط٣.

- المنيزل، عبدالله فلاح (١٩٩٤): أزمه الهويه: دراسه مقارنه بين الأحداث الجانحين والأحداث غير الجانحين، مجله دراسات، مجلد٢١، العدد١، عمان، الأردن.

- ميللر, باتريشيا, ترجمه: سالم, محمودعوض الله واخرون (٢٠٠٥). نظريات النمو. عمان, دارالفكر.

- ناصر, عقيل خليل. تكامل الانا لدى المسنين وعلاقته ببعض المتغيرات, كليهالاداب, جامعه بغداد (رساله ماجستير غيرمنشوره)

- هرمز، صباح حنا ويوسف حنا ابراهيم (١٩٨٨): علم النفس التكويني (الطفوله والمراهقه)، دار الكتب للطباعه والنشر، الموصل، العراق.

- الياسين, جعفرعبدالامير(١٩٨١). اثرالتفكك العائلى فى جنوح الاحداث, بيروت, عالم المعرفه,ط١

## سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

- .Archer, S. & Waterman , S.(1990): " Varieties of Identity Diffusions and Foreclosures : An Exploration of Subcategories of the Identity Status". **J. of Adolescence Research** , Vol., 5 , No.1, PP.(96-111).

- Boyd & Weissman, 1981.1039-1046.; Stuart et al.,1984..109-122) Beck, A.T. (1967). *Depression.* Harper and Row: New York.

- Bruner, J. S. (1987). The artist as an analyst. A review of a way of looking at things: selected papers from 1930-1980, by E. Erickson. The New York review, 3, 8-13.

- Erickson, E. H. (1968). Identity: youth and crisis. New York: Norton.

- Erickson, E. H. 1958. Young man Luther. New York: Norton

- Evans, r. I. (1967). Dialogue with Erik Erickson. New York: Harper and Row.

- Fitzgerald , H. & John, M.(1970): **Developmental Psychology ,** Psychology. Dorsey Press, New York.

- Gedo, J. E. (1999). The Evolution of 1. Erickson, E. H. (1959). Identity and the life cycle. Psychological issues (monograph no. 1). New York: international universities press

- Grotevant, H. D. (1998). Adolescent development in family contexts. In W. Damon (series ed.) and N. Eisenberg (vol. ed.), Handbook of child psychology. Vol. 3: social, emotional, and personality development (5th ed.). new York: Wiley.
- Hopkins, J. R. (1995). Erik Hamburger Erickson (1902-1994). American Psychologists, 50, 796-79
- Ingram.I.M.(1985).the obsessional personality and
- Kroger, J.(1989): **Identity in Adolescence : The Balance between Self and Other.** Toutledge Press, London.
- Mahler, M.S.(1979): "The Selected Papers of margent S. Mahler, Vol.1, **In Fantil Psychosis and Early Contributions** , Jason Aronson, New York.
- Marcia, J.E.(1988): "Common Processes Underlying Ego-Identity , Cognitive Moral development and Individuation. In : D. K. Lapsleg and F.C. Power(Eds). **Self, Ego and Identity** , New York: Springer –verlag, P.555.
- Marten, R. M.& Others (1977): "The reliability , validity and design of DefiningBoyd.. Vol.38 PP.1039-104 Beck, A(1967): The Diagnosis and management of depression , Philadelphia : university of pennsilvania pressIssues Test'. **Developmental Psychology**,
- Psychoanalysis: Contemporary Theory and Practice. New York: Other Press.

**الملخص**

يهدف البحث الى معرفه مستوى الكآبه وأزمه الهويه عند طلاب المراحل الإعداديه في مدينه كويسنجق ومعرفه العلاقه بينهما وكذلك توضيح تاثير الفروق الجنسيه عليهما. لتحقيق ذلك شارك مائه طالب وطالبه بشكل عشوائي. ولغرض جمع المعلومات تبنى البحث مقياسي أزمه الهويه والكآبه. الصدق والثبات لكلا المقياسين كانا في مستوى مرض. وبعد جمع المعلومات وتحليلها باستخدم برنامج الحقيبه الإحصائيه للعلوم الاجتماعيه spss، أظهرت النتائج ان مستوى الكآبه على حافته كمرض سريري، وان المشاركين يعانون مستوى معين من أزمه الهويه، ولم تظهر النتائج أيه علاقه ذات دلاله إحصائيه بين مستوى الكآبه وأزمه الهويه، واخيرا لم تظهر الفروق الجنسيه ايه اثر احصائي على الكآبه وأزمه الهويه.

**Abstract**

The research aims to know the level of depression and identity crisis among high school students of Koisnjaq city and to know the relationship between them as well as to clarify the impact of gender differences on them. To achieve this, a hundred students participated randomly. To collect data, the research adopted the two measures of identity and depression crisis. The validity and reliability of both scales were at a satisfactory level. After collecting and analyzing the information using the statistical package for social sciences (spss), the results showed that the level of depression on its edge as a clinical disease, and that the participants suffer from a certain level of identity crisis, and the results did not show any statistically significant relationship between the level of depression and the identity crisis. Finally, gender differences did not appear to be statistically significant for both depression and identity crisis.